# فینۆمینۆلۆجیی خراپە لە زماندا

**ID No. 155**

(PP 10 - 34)

https://doi.org/10.21271/zjhs.26.3.2

**حاتم ولیا محمد**
بەشی زمانی کوردی - کۆلێژی پەروەردە / زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر
Hatam.muhammad@su.edu.krd

**هلمت سەردار عمر**
وەزارەتی پەروەردە / ب. گشتی پەروەردەی هەولێر
Halmat.s.o@gmail.com

**وەگـــــرتن : 2022/01/09**
**پەسندكردن : 2022/02/27**
**بڵاوكردنەوە : 2022/06/28**

**پوختە**

خراپە وەک کێشەیەکی دێرین و پرسێکی نەمر کە پەیدابوون و لەناوچوونی پەیوەستە بەبوونی مرۆڤەوە یەکێک لە پرسە فەلسەفییە قورسەکانە کە هەر لە کۆنەوە تا سەدەی بیست گەلێک تیۆر لێکدانەوەیان بۆ کردووە . فۆرمەڵە سیکۆلارو هاوچەرخەکەی خراپە تا هەشتاکانی سەدەی رابردوو چوارچێوەی بۆ دانەنرابوو ، وەک کردەوەیەکی زیانبەخش کە بکەرەکەی مرۆڤ بێت لەنێوانیشیان خراپییەک زمان بەرهەمی دێنێ و کاریگەری نەرێنی دروستدەکات . بە چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکانی چارەسەرە ئەنتۆتیۆلۆجی و ڕەوشتییەکان بۆ کێشەی خراپە (کلاودیا کارد) توانی تیۆرێکی فینۆمینۆلۆجی رەوشتی دابڕێژێت کە خراپە وەک کردەوەیەکی مرۆیی بخاتەڕوو کە کاریگەری نەرێنی دروستدەکا ، وەک هەڵەیەکی زیانبەخش کە مەبەستدارانە ئەنجامدرابێ ، لەلایەن هێزێک بەرپرسیاریەتی بخرێتە ئەستۆ . لە هزری فەلسەفی میتۆدی دیاردەناسی ڕێبازێکی تاڕادەیەک نوێیە لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم لەسەردەستی (هۆسرل) دامەزراوە ، گرنگی بە توێژینەوەی بابەتیانەی دیارە هۆشەکییەکانی کردەوەی مرۆڤ دەدات کە لە ڕێگای کاریگەرییەکانیانەوە دەتوانین هەستیان پێ بکەین.

**وشە کلیلەکان:** کارد، هەڵە ، زیان ، مەبەستداری ، بەرپرسیاریەتی .

## پێشەکی

### ١- ناونیشانی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (فینۆمینۆلۆجیای خراپە لە زماندا)یە ، بەشی تیۆری تێزی دکتۆرایە بەناونیشانی (خراپ بەکارهێنانی زمان لە بواری پەروەردەدا)، دەکرێت تەنیا وەک فینۆمینۆلۆجی خراپە تەماشا بکرێت ، بۆ خستنەڕووی دیاردەی خراپە بەگشتی و لەنێوانیشیاندا ئەو خراپەی زمان بەرهەمی دێنێت .

### ٢- هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوە

بەگشتی زۆرێک لە ئامرازو کردەوەو ڕەفتارەکان دەکرێ باش یان خراپ بەکاربێن ، لەنێوانیشاندا زمان ، کە زۆر کەم نەبێت تیشک نەخراوەتە سەر لایەنە خراپەکانی . دیاریکردنی ئەو بنەمایانەی کە پێویستن تا کردەی قسەکردن بخەنە چوارچێوەی تێگەیشتنە سەردەمییەکانی خراپە ، واتە کەی دەکرێ زمان خراپ بێت ؟ کێ بڕیار لەسەر خراپییەکەی دەدات ؟ بۆچی زمان خراپ بێت ؟ لەسەر چ بنەما و پێوەرێک دەتوانین بڕیار لەسەر خراپی هەر بەکارهێنانێکی زمان بدەین ؟ ئەو پرسیارانەن ئەم توێژینەوەیە هەوڵی وەڵامدانەوەیان دەدات .

### ٣- ڕێبازی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیە ڕێبازی وەسفی پەیڕەوکراوە ، ئەگەرچی بەگوێرەی پێویستی توێژینەوەکە پەنا بۆ ڕێبازەکانی تری مێژوویی و شیکاری و بەراورد براوە .

### ٤- ئامانجی توێژینەوە

ناساندن وخستنەڕووی دیاردەی خراپەیە بە گشتی و دیاریکردنی ئەو پێوەرانەی وادەکەن هەر کردەوەیەک لەنێوانیاندا بەکارهێنانە خراپەکانی زمان بخاتە چوارچێوەی خراپەوە .

**٥- ناوەڕۆکی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە لە دووبەش پێکهاتووە : لە بەشی یەکەم لە تەوەری یەکەم تیشکخراوەتە سەر واتـاو چەمکی وشـەی (خـراپ) لە هەندێ فەرهەنگی زمانی کوردی و ئیتمۆلۆجی وشەکە و شێوەکانی لە زمانی کوردی و پاشان واتاو چەمک و ڕیشەی هاوواتاکـانی لە زمانەکـانی عەرەبی وئینگلیـزی و فارسـیدا باسـکراوە . لە تەوەری دووەم خـراپە لە تێڕوانینـی گومـانگەرایی خـراپەو بانگەشـەکارانی خراپەوە گەنگەشەکراوە ، دواتـر ڕیشـەی خـراپە لە ڕوانـگەی ئەنتۆلـۆجی کە لەم تێـڕوانینە هەوڵـی چارەسـەری (زەردەشـتی) و (مانەوی) و (ئیسلامی ) و (ئەفلاتۆنی نوێ) خـراوەتە ڕوو، هەرچـی ڕوانـگەی ڕەوشـتییە تێڕوانینـی هەریەک لە (کانـت) و (نـیچە) و وەرگیراوە دواجاریش تیـۆرە هـاوچەرخە سـیکۆلارەکانی شـرۆڤەی خـراپە کە بە کارەکـانی (حەنـا ئارێنـت) دەسـتپێدەکەن . لەبەشی دووەم تێڕوانینی فەلسەفی فینۆمینۆلۆجیانەی (کارد) وەک دوا ڕوانگە بۆ وەسفی خراپە تیشکی خراوەتەسەر و سیما هاوبەشەکانی خراپە لای کارد باسکراوە لەنێوانیاندا زمـان کاتێـک وەک هەڵەیەکـی زیانبەخشـی مەبەسـتدار بەکاربێـت لەلایەن کەسـێک دتوانرێ بەرپرسیاریەتی هەڵبگرێت چوارچێـوەدارکراوە . لە کۆتاییشـدا گـرنگترین ئەنجـامە بەدەسـتهاتووەکان و سـەرچاوە بەکارهاتووەکـان خراونەتە ڕوو .

**(١/١) واتاو چەمکی وشەی (خراپ) لە هەندێ فەرهەنگی کوردی و زمانەکانی تردا :**

بەشێوەیەکی گشتی وشەی خراپ هەڵگری چەمکێکی نەرێنی و ناپۆزەتیڤە ، یاخود دەتوانین بڵێین نائەرێنی و نێگەتیڤە . زۆربەی جار دژ[1]و پێچەوانەی وشەی (باش) ە ، هەندێ جاریش بەهەمان واتا یاخود هاوواتای (باش)[2] دێت . ئەگەر بـڕوانینە هەنـدێ فەرهەنگی زمانی کوردی دەبینین بەم شێوەی خوارەوە واتای وشەی خراپ ڕوونکراوەتەوە .

**١- فەرهەنگی خاڵ:** (خراپ: شتی بێ فەڕی بێ کەڵک . (خراپبوون) : لەکەڵک کەوتنی شـت . (خراپکـردن) : لەکەڵـک خسـتنی شـت (خاڵ ٢٠٠٥: ١٥٨) .

٢- **فەرهەنگی کوردستان:** (خراپ : خراو ، بەرباد (بان) گەنـدەژ ، گەن ، گەنـد ، تـوون ، نەبـاش ، نەچـێ ، بەد ، چـتی بـێ فەڕ) ( موکریانی ١٩٩٩: ٣٦٦).

**٣- فەرهەنگی باشوور :** (خراو- xiraw) ١- دژمین ، دمژین ، لە زاراوەیل ترەک کوردی (دژوون ، جنێـو ، جـوێن ، دژمـان ، سـخێف) (جەلیلیان ٢٠٠٦: ٢٩١)

**٤- فەرهەنگی ڕامان :** ( خراپ - xirap) : ١- نەباش ٢- وێـران ٣- لەکـارکەتوو ، خـراب-xirabو خـراو-xiraw یـش دەگـوترێ ، خـزمە دەگەڵ خەرابە -xerabe کاول ، وێران)) ( زادە ٢٠١٤: ٣٣٦) ، لە هەندێ سەرچاوە وشەی خراپ بە هاوواتای بەد دانراوە ((بەد -bed) : واتە خراپ - xrap، بە پەهلەوی (ڤەت - vat) و لە فارسیشدا بووە بە (بد -bad) و لە ئینگلیزیشدا (bad) ە)) ( نەبەز ٢٠٠٨: ٧٩)

**٥- فەرهەنگی ئەناهیتـا :** بەم شـێوەیە پێناسـەی خـراپ کـراوە (خـراپ (xirap) : ئـان . ئـاک : خـراپ (هــ) ، خراو(کبـاش) ،خەرا، خرا(کباک) ، خەراب ، خەراو . پێچەوانەی (باش)ـە . ١- بەد ، بەرباد ، بەتڵاو، بەتـرەف ، بەفیـڕۆ ، تـوون ، چشـتی بـێفەڕ ، خـراو ، گەند ، نەباش ، نەچێ .٢- زیانبەخش ، نەباش ، گاریس ، مردار ، نەقەنو ، ئەنی ڕەش . ٣- پێشـگرێکە بـۆ زۆر زاراوەی زانسـتی چ لە زمانی کوردی ، لاتینی ، ئینگلیزی (لا :Mal .Cac) دێت هەمان سەرچاوە بۆ وشەی بەد دەنووسێت (بەد (bed): ئاڤێستایی ئەغە)( پهـ : ڤەت (بۆ کەرستەوشت) ، ڤەتەک بۆ مرۆڤ ، (ئینگ:bad) ، بەد (bed) ئان: یەکەمین پێشگرە لە زمانی کـوردی دەلکێـت بە دوای ناو ، ئاوەڵناو ، کار ، دەیانکـات بە ئاوەڵنـاوێکی نـوێ ، کە واتاکەیـان بە پـێچەوانەی واتـاکەی پێشـووتر دەبێـت . وەک تێبینیەکـیش

[1] خراپ وەک دژ واتای باش لە دژواتا ساردەکانە ، پێچەوانەی دژواتا گەرمەکان پلەیـان نـزمترو ناپەسـەندن ، پەیوەسـتن بە بۆچـوونی نەرێنـی و خـراپ ، لەگەڵ باش دەچنە خانەی دژواتای پلەدار (Gradable antonyme)، ئەم جۆرە دژواتایە ڕێژەیین و پلە لەنێوانیان و پێش و دوایان هەیە ، نەفی کردنی یەکێکیـان واتـای پەسـەندکردنی ئەوی تریـان نیـیە ، زۆربـاش ، بـاش ، نەبـاش و نەخـراپ ، خـراپ ، زۆر خـراپ ، زۆر زۆر خـراپ ، ئەم جـۆرە وەک دژواتـای تەواوکەری(Complementary) (نێر×مێ) نین ،کە پلە لە نێوانیاندا نییە، دژواتای پلەدار لە جۆری ئەو دژواتایـانە کە لە نێـوان دوو وشـەدایە (دوو جەمسـەر ) ، چونکە هەندێ جۆری تری دژواتا لەنێوان ژمارەیەک وشەی یەک کـۆمەڵەدان واتە (فـرە جەمسـەر)ن ، وەک ڕۆژەکـانی هەفـتە و وەرز و مانگەکـانی سـاڵ ، بـۆ زانیاری زیاتر لەبارەی جۆرەکانی دژواتا بڕوانە ( دزەیی ٢٠١١: ١٤٤-١٤٧) ( الخولی ٢٠٠١ : ١١٦-١٢٩)

2 بۆ نموونە وشەکانی (بـاش و خـراپ) لەهەنـدێ دەوروبەر دەبـن بەهاوواتـای یەکـتر . لە ڕسـتەی (لێـدانێکی باشـم لێـدا.) ، واتە (لێـدانێکی خـراپم لێـدا.) ، بەهەمـان شـێوە (شـەقێکی باشـیان تێهەڵـدا.) ، واتە (شـەقێکی خراپیـان تێهەڵـدا ). یـان (هێنـدە خـراپ نەتشـکاندووە چـاکبکرێتەوە.) واتە (هێنـدە بـاش شکاندوویەتی کە چاکناکرێتەوە)، بەپێچەوانەش، فلان دزێکی باشە . یان پاڵێوراوەکە درۆی باش دەکات ... هتد .

نووسەر دەنووسێت : زمانی کوردی وەک یەکێک لە زمانە هیندۆئەوروپییەکان ئەم تێکەڵ کێشەی هەیە ، لە زمانی لاتینی و پاشتر لە زمانانی ئەوروپی کە بە هاوواتای (dis)دەتوانرێت بەراورد بکرێت ١- ئاک ، توون(رۆژ) ، شوورەیی ، عەیب ، گەن (ل) ، گەنەژە – گەندەژە ، نەنگ : حاڵی کەسێک سان شتێکی چاک نەبێت :: بەد نەبێت بەدخانە بەیاد ناکات . ٢-گیانلەبەری خراپی نالەبار ، ناجۆر ، ناپەسەند . ٣- چەپەڵ ، خراپ ، شووم :: پێوقەدەمی بەدی هەیە[3] سەرەڕای ئەو هەموو لایەنە نەرێنییانەی لەم فەرهەنگانە بۆ وشەی خراپ خراونەتە ڕوو ، بەڵام وشەی خراپ بوارێکی زۆر فراوانتری لە نەرێنیبووندا هەیە .

وشەی (خـراپ) لە عەرەبی (خَـراب) ە، لە ڕووی بەشی ئاخـاوتنەوە نـاوەو چـاوگەکەی (خَـرِبَ) (خەریـبە) یە ، بە واتـای وێـرانەو بە پێچەوانەی ئاوەدانی دێت . بڕوانە فەرهەنگی (المعـاني) : (خَـرَاب: (اسـم) ، خَـرَاب : مصـدر خَـرِبَ ، أَرْضٌ خـراب: سـادها الـدّمار والخراب ، فلان على حافة الخراب: يكاد الخراب ينزل به) ، لە قورئانیشدا وەک سەرچاوەیەکی ڕەسەن بۆ زمانی عەرەبی لە چەند شوێنێک وشەی (خراب) بەدی دەکرێت کە لە هەموویاندا واتای نەرێنی دەدەن وەک (يُخْرِبُونَ بُيُوتَهُمْ بِأَيْدِيهِمْ) (الحشر:2) ، (مَنَعَ مَسَاجِدَ اللَّهِ أَنْ يُذْكَرَ فِيهَا اسْمُهُ وَسَعَى فِي خَرَابِهَا) (البقرة:114)

بەکارهێنانی وشەی خراپ لە ڕووی واتاوە ئەگەرچی بەشێک لەو واتا نەرێنییەی تێداماوە کە لە زمانە سامییەکاندا بـوونی هەیە ، بەڵام لە زمانی کوردیدا ڕێچکەیەکی جیاوازتری وەرگرتووە واتاکەی بۆ هەموو جۆرە خراپەیەکە ، لە کاتێکدا لە زمانی عەرەبی بەرانبەر وشەی (خراپ) ی کوردی وشەی (الشر) بەکاردێت . وشەی (شەڕ) یش بەهەمان شێوەی خراپە لە زمانی کوردیشدا هەیە، بەڵام بەو واتایە نایەت کە لە زمانی عەرەبیدا هەیە ، بەڵکو بە واتای جەنگ دێت . لە عەرەبی بۆ وشەی خراپی کوردی وشەی (الشر) بەکاردێت . بڕوانە فەرهەنگی (المعاني) (سوء وفساد، عكسه خير، وقيل هو اسم جامع للرّذائل والخطايا، نقيضه خير: اتّق شرَّ من أحسنت إليه {وَأَنَّا لاَ نَدْرِي أَشَرٌّ أُرِيدَ بِمَنْ فِي الأَرْضِ أَمْ أَرَادَ بِهِمْ رَبُّهُمْ رَشَدًا}: كفر ،{وَنَبْلُوكُمْ بِالشَّرِّ وَالْخَيْرِ فِتْنَةً}: شدّة من فقر أو مرض،{وَيَخَافُونَ يَوْمًا كَانَ شَرُّهُ مُسْتَطِيرًا}[4]

لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ وشەی خراپ (bad) بەکاردێت ، ئەگەر چی هەندێ لە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە لەگەڵ وشەی (بەد) ی کوردی و فارسی هاوڕیشە بن ، بەڵام سەرچاوەی دیکەش هەن ئەمە ڕەتدەکەنەوە بەهۆی ئەوەی وشەی بەد لە کوردی و فارسی بۆ (vat)ی پەهلەوی دەگەڕێتەوە، ئەمەش لە (ڤەتە) ی ئێرانی کۆنەوە هاتووە کە واتای بچووک دەدات ، پێدەچێت بچووکیش لە کلتووری ئەم نەتەوانە ئاماژە بێت بۆ خراپی و بێ کەڵکی و لاوازی و بێ نرخی یان هەر لایەنێکی نەرێنی ، ئەگەرچی لەڕووی فەلسەفەو لۆجیکەوە مەرج نییە هەمووەم بچووکی بە واتای خراپی بێت ، سەرەرای ئەوەی ڕەنگە لە هەندێ شوێنی زماندا خراپ وەک هاوواتای بچووک بەرچاو بکەوێت ، بچوکێتیش وەک لایەنێکی نەرێنی سەیرکراوە. سەبارەت بە لەیەک نزیکی لە ڕووی ڕواڵەتیشەوە پێیان وایە ئەمە بۆ ڕێکەوت دەگەڕێتەوە بەهۆی زۆری ژمارەی وشەکانی هەر زمانێک و سنورداری ئەو دەنگانەی مرۆڤ دەتوانێت بیاندرکێنێت . وەک وشەکانی (بووک – book ، رووت – root ، باش – bash (بەتوندی لێی دەدا) ، بۆش – bosh(قسەی بێمانا) ، پان –pan (گۆی مەمک) ، ... ) لە کوردی و ئینگلیزی . هەروەها لە رووی درکاندنیشەوە وشەی (بەد) و(bad) لەیەکتر جیاوازن ئەگەر ئەم جیاوازییە بچووکیش بێت بەڵام /ە/ و /ا/ دوو فۆنیمی جیان .

ئەوەی جێگای سەرنجە وشەی (بەد) لە کوردی هاوواتای تەواوی (خراپ) نییە، بەد لە زمانی کوردیدا جۆرە شوومییەک دەگەیەنێت . لە ڕووی سیما جیاکەرەوەکان دەتوانرێت بەم شێوە جیابکرێنەوە (خراپ : - شووم +خراپ ) (بەد : +شووم + خراپ) یان دەتوانین بڵێن هەموو بەدێک دەکرێ خراپ بێت ، بەڵام مەرج نییە هەموو خراپێک بەد بێت .

لە فارسی وشەی (خراب ) وەک هاوواتای ( مخروب ، منهدم ، نا آباد ، ویرانە ، ویران ، نابسامان ، اوراق ، اسقاط ، خرست ، طافح ، لایعقل ، مست ، تباە ، ضایع ، فاسد ، معیوب ، بایر ، لم یزرع ، آوار ، بدکار ، جندە ، فاحشە ، بدنام ، بی آبرو، رسوا) هاتووە . دژواتاکەشی بە (آباد ، سالم ،هشیار، نجیب) دیاریکراوە[5] .هەرچی وشەی (بد) یشە بەم شێوەیە هاوواتاکانی دیاریکراوە( ردی ، سوء ، شر ، شوم ، مشئوم ، منحوس ، میشوم ، نحس ، مذموم ،ناروا ، نکوهید ، زشت ، قبیح ، کریە ،مستهجن ، ناپسند ، نفرت انگیز ، پلشت ، پلید ، لثە ،آتشیرە ، نامطلوب ، نامناسب ، بی ادب )[6] ئەوەی جێگەی تێڕامانە سەرجەم هاوواتاکانیان هەڵگری چەمکی نەرێنین .

---

[3] (http://ferheng.info/alfba/17246/)و (http://ferheng.info/alfba/10643/ . )

[4] https://www.almaany.com/ar/dict/ar-ar/خراب/ )و(https://www.almaany.com/ar/dict/ar-ar/شَرّ/.

[5]https://abadis.ir/?lntype=dehkhoda,fatofa,moeen,amid,name,wiki,wikiislamic&word=خراب&from=a

[6] https://abadis.ir/?lntype=dehkhoda,fatofa,moeen,amid,name,wiki,wikiislamic&word =بد&from=ac

وشەی خراپ لە زمانی کوردیدا لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە ، مۆرفیمێکی سەربەخۆی واتادارە ،سەرچاوەی داڕشتنی ژمارەیەک وشەی داڕێژراوی وەک ( خراپە ، خراپی ، .... ) و لێکدراو وەک ( خراپبوون ، خراپەکار ، خراپکردن ، ...) ە ،لەڕووی بەشی ئاخاوتنەوە ئاوەڵناوەو لە پلەی چەسپاودایە ، لە بەراوردا دەکرێتە خراپترو لە پلەی باڵاشدا خراپترین هەرچەند دەشکرێ لە ڕستە ببێتە ئاوەڵکاریش . لە ڕووی جۆری وشەوە ، وشەیەکی سادەی یەک مۆرفیمییە ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی وەک ناویش بۆ لایەنی نەرێنی بەکاردێت و دەتوانێ تایەتمەندییەکانی ناو وەربگرێت و نیشانەکانی کۆ و ناسراوی بخرێتەپاڵ وەک (خراپەکان ، خراپەکە ، ...) لە ڕووی ئیتمۆلۆژییەوە نزیکە لە وشەی (خراب) ی عەرەبی کە بە واتای وێرانە دێت ، ئەگەرچی وشەی (خراب) لە هەندێ شێوەزاری کوردی دەبینرێت ، بەڵام لەگەڵ وشە عەرەبییەکە بۆ واتایەکی نزیک لەیەک بەکاردێن ، هەمان شت بۆ فارسیش ڕاستە . کەواتە لە رووی دەنگسازییەوە لەکاتی درکاندن یان لە پۆلینکردنی دەنگە نەبزوێنەکاندا دەنگەکانی /ب/ و /پ/ لە رووی چۆنییەتی دروستبوونیان سەر بە دەنگە تەقیوەکانن ، لە ڕووی شوێنی گۆکردنیشەوە دەنگی لێوەکین ، کەواتە تاکە جیاوازی لەگەڵ زمانەکانی عەرەبی و فارسی لە ڕووی هەڵوێستی تاڵە دەنگییەکانە ، کە لە کوردی کپ و لە زمانەکانی تر گڕە ،بەم جۆرە ئەگەر لە گۆشە نیگای ئابووری زمانەوە لێی بڕوانین دەبێ بڵێین کە لە کوردی وزە کەمتر بەکاردەبرێت ، چونکە لە کاتی درکاندنیدا بە پێچەوانەی زمانەکانی تر دەنگە ژێیەکان نالەرنەوە .

ئەگەرچی وشەی "خراپ" لە زمانی کوردیدا ڕیشەیەکی کۆنی هەیە (ئەگەر لەسەرەتا وشەیەکی وەرگیراویش بێت) ، وەک وشەیەکی ڕەسەنی زمانەکە سەیر دەکرێت و بۆتە یەکەیەکی فەرهەنگی زمانی کوردی ، بەڵام دەکرێ ئەو تێڕوانینەش ڕاست بێت ، کە وشەکە لە یەکێک لەو سێ زمانە هاوسێیە پەڕیبێتەوە بۆ دوو زمانەکەی تر . یان وردتر بڵێین لە یەکێک لە زمانە سامییەکان یاخود بەتایبەتتر لە عەرەبییەوە هاتبێتە زمانی کوردی کە سەرەتا وەک خۆی وەگیرابێت (خەراب) ، پاشان بە لەدەستدانی سیفەتی ژێداری دەنگ ، بۆتە (خەراپ) دواتر بە لەناوچوونی دەنگی /ە/ بۆتە (خراپ) . "ئەم ریشەیە "خرب" کە واتای وێرانبوون و نائاوەدانی دەدات ، هەم لە عەرەبیدا هەیە هەم لە ئارامی و عیبری و هەندێک زمانی سامی تردا : لە عیبریدا کرداری "خرب" / خەراڤ = خەرێڤ / واتای وێرانکردن و وێرانبوون ، هەروەها کوشتن وسەربڕین ، وشککردنەوەو وشکبوونەوەش دەدات . لە ئارامیدا "خرب" / خرێب = خەربا/ئاوەڵناوە بە واتای بەبیابانبوو ، چۆڵ و بەتاڵ . هەروەها "خربە" /خەربا/ "خربط " / خەربطا/ بە واتای "وێرانە" بیایان دێت . لە ئەکەدیشدا وشەی "خەراب" کردارە واتای وێرانبوون و فەوتاندەدات"[7] . کەواتە وشەکە لە بنەڕەتەوە بە واتاکانی وێرانکردن و تێکدان دێت .

ئەگەر لە ڕووی ئیتمۆلۆژییەوە زیاتر لە ڕیشەی وشەکە وردبینەوە لە زمانە سامییەکاندا، کە سەرچاوەی ڕەسەنی وشەکەیە دوو ئاراستە بەدی دەکرێت . بە پێی لێکدانەوەی ئاراستەی یەکەم وشەی (خرب) ڕیشەیەکی سەربەخۆی هەیە و واتای وشکردنەوەیە ، دواتر واتای بە بیابانبوونی وەرگرتووە ، لێرەوە واتای وێرانبوونی گەیاندووە ، ئینجا واتای وێرانکرن و لەناوبردن ، پاشان گەشەی کردووەو واتای کوشتن وسەربڕینی وەرگرتووە . هەرچی لێکدانەوەکەی ترە ئەوەیە ، کە سەرەتا وشەکە بە واتای شمشێر و چەقۆ و بەگشتی ئامێری بڕین و هەڵدڕین بووە ، وەک (خرێب ) و (خەربا)ی ئارامی و (حەربەی) عەرەبی و (خەرب)ی ئەکەدی ، و دواتر واتای سەربڕینی وەرگرتووە ، وەکو لە عەرەبیشدا وشەی (حرب) واتای شەڕو کوشتار دەدات ، لێرەوە ماددەکە واتای لەناوبردنی وەرگرتووە ، ئیتر واتای وێرانکردنیشی گەیاندووە . کە لێکدانەوەی دووەم بەپەسەندتر دەزانین . چونکە لە عەرەبیدا (حرب) واتە شەڕ ، (حربة) واتە چەقۆ یان شمشێری بچووک ، لە عیبریدا / خێرێڤ/ بە واتای چەقو وشمشێرو ئامرازی تری بڕین ./خەراڤ و خەرێڤ/ یش بەواتای کوشتن وسەربڕین دێن ، لە ئارامیشدا کرداری /خرب/ واتای سەربڕین دەدات ،(خرب) / خرێب / و(خربء) / خەربا/ ش واتای شمشێر دەدات[8] .

هەرچی لە بارەی ئەو گۆڕانە دەنگیانەوەیە کە لە زمانی کوردی بەسەریاندا هاتووە بەتایبەتی لە دیالێکت و شێوەزارەکان وەک ئەوەی دەبینین شێوەکانی (خراپ ، خەرا ، خرا ، خراب) بەکاردێن ، دەکرێ بە یاسا فۆنۆلۆجییەکان لێکبدرێنەوە . کە لە (خرا) دەنگێکی نەبزوێن لەناوچووە ، هەرچی لە (خراپ و خراب)ە ، ئەوە دەنگۆڕکێ لە دەنگی /پ/ ی کپ ، بۆ دەنگی /ب/ی گڕ روویداوە ، سەبارەت بە (خەرا) ، دەکرێ بڵێین دوو گۆڕانکاری دەنگی بەسەر داهاتووە لە لایەک دەنگی کۆتایی لەناوچووە ، لە لایەکی تر گۆڕانی دەنگی لە بزرۆکە/ i/ بۆ بزوێنی کورت /ە/ بەسەرداهاتووە ، بەڵام ئەگەر لە (خراپ)ەوە بووبێتە (خەرا) واتە قاڵبی

---

[7] http://kurdish-etymology.blogspot.com/search/?q=خراپ

[8] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (http://kurdish-etymology.blogspot.com/search/?q=خراپ)

بڕگەی (خراپ) بە (CCVC) دابنێین ، و وەک یەک بڕگە لێکی بدەینەوە ، ئەوا دەبێ بڵێین یاسای دووەم دەگۆڕێت بۆ پەیدابوونی دەنگی /ە/ . ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر (خراپ) بە وشە بنەڕەتییەکە دابنێین ، کە لە شێوەزارەکان گۆڕانکاری بەسەرداهاتبێت . بەڵام وەک ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کردووە ئەگەر (خەراب ) وەک وشە وەرگیراوەکە دابنێین ئەوا دەبێ بڵێین لەو شێوەزارانەی کە بەم شێوەیە بەکاردێت بێ ئەوەی گۆڕانکاری بەسەردابێت چۆن وەرگیراوە هەر بەم شێوەیە ماوەتەوە ، لە کاتێکدا لە شێوەزارەکانی تر تووشی کرتاندن و گۆڕینی دەنگ هاتووە .

**(٢/١) دەروازەی فەلسەفی بۆ توێژینەوە لە چەمکی خراپە[9]:**

گرنگی پێدانی فەیلەسووفەکان بەخراپە زیاتر لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە بووە بەهۆی ئەو هەموو خراپەکاری و تاوان وێرانکاری و کۆمەڵکوژیانەی لەو جەنگانە ڕوویاندا ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەوڵدان بۆ چارەسەری کێشەی خراپە پرسێکی نەمرە و مانای ئەوەش نییە کە قسەکردن لەبارەیەوە بوەستێت یان کۆتایی پێبێت ، بەو واتایەی تا مرۆڤ بوونی لە ئارادابێت هەمیشە گفتوگۆ لەبارەیەوە بەردەوام دەبێت ، بە واتایەکی تریش کێشەی خراپە ، پەیدابوون وکۆتایی هاتنی پەیوەستە بەبوون و نەبوونی مرۆڤ. ئەگەرچی هەندێکی تر چەمکی خراپە ڕەتدەکەنەوە و پێیان وایە شتێک نییە بەناوی خراپە ، ئێمە لە بارودۆخێکی باشتردا دەبین ئەگەر واز لە چەمکی خراپە بهێنێن بۆیە پێویستە هەوڵبدەین دەستی لێهەڵبگرین [10] .

**(١-٢/١) چەمکی خراپە لەنێوان گومانگەراکان و بەرگریکاران لە خراپە :**

(گومانگەرایی خراپە -Evil-Skeptics)، پێیان وایە لەبەر ئەوەی خراپە زیاتر لە چەمکە پێوەرییەکانی تری وەک (ڕاست و هەڵە) مەترسی و زیان و بێڕێزی هەڵدەگرێت ، بۆیە پێویستە دەست لە چەمکی خراپە هەڵگرین . بێگومان کەسیش نکۆڵی لەوە ناکات ، کە خراپە دەکرێ مەترسیدارو ترسناک بێت کاتێک خراپ بەکاردێت ، بەڵام ئایا دەکرێت لەبەر ئەم هۆکارانەی باسکران دەست لە چەمکی خراپە هەڵگرین، چونکە خراپ بەکارهێنانی دەبێتە هۆی زیان ؟

---

[9] لەم توێژینەوەیە چەمکی خراپە هەندێجار بەرانبەر(Badness) و هەندێجاریش بەرانبەر(Evil) بەکارهاتووە ، چونکە ئەوانەی گومانیان خستۆتە سەرخراپە بەواتا توندەکەی (گومانگەرایی خراپە -Evil-Skeptics) پێیان وایە پێویستە دەست لە چەمکی خراپە هەڵبگیرێت ، لەبری ئەوە هەندێ چەمک و زاراوەی ڕەوشتی تری وەک (خراپە-Badness) و (کردەوەی هەڵە- Wrongdoing) ، یان (باش-Good) و (خراپ-Bad) بەشایەنتر دەبینن بۆ بەکارهێنان . بە پێچەوانەی ئەمانەش (بانگەشەکارانی خراپە-Evil-Revivalist) ، لەو باوەڕەدان چەمکی خراپە هیچی کەمتر نییە لە چەمکە ڕەوشتییەکانی تری وەک (ڕاست و هەڵە) ، لەکاتێکدا ئامادەنەبین دەست لە سەرجەم چەمکە ڕەوشتییەکانی تر هەڵگرین بۆ دەبێت دەست لە چەمکی خراپە هەڵگرین ، بۆیە پێویستە چەمکی خراپە (Evil) خاوەنی شوێنی خۆی بێت لە وتاری سیاسی و ڕەوشتیمان و نابێت دەستی لێهەڵبگیرێت و پێویست ناکات خراپە بگێرینەوە بۆ هێزی سەروو سروشتی لە بری ئەمە وێناکردنێکی ڕەوشتی سیکۆلار بۆ خراپە کە دوور لە وێناکردنی ئەندێشەیی و ئایینی بۆ خراپە دەخەنەڕوو کە بەشێوەیەکی بەربڵاو لە سیاقی سیاسی و ڕەوشتی بەکاردێت و لەکاتی باسکردنی خراپە زیاتر شوێنی خۆی گرتووە . لەلایەکی تر تێڕوانیی (گومانگەرای ڕەوشتی -Moral-Skeptic) و (هیچگەرایی /پوچگەرایی ڕەوشتی –Moral Nihilist ) کان لە چوارچێوەی خستنەڕووی تێڕوانینەکانیان جیاوازن لە (گومانگەرایی خراپە -Evil-Skeptics) ، چونکە لەو باوەڕەدان کە پێویستە بەشێوەیەکی یەکجاری دەست لە وتاری ڕەوشتی هەڵگرین .

[10] بۆ نموونە (Phillip Cole) لە کتێبی(ئەفسانەی خراپە - The Myth of Evil) ، پێی وایە شتێک نییە بەناوی خراپە ئێمە لە بارودۆخێکی باشترادەبین ئەگەر واز لە چەمکی خراپە بهێنێن بۆیە پێویستە هەوڵبدەین دەستی لێهەڵبگرین و خۆمانی لێ دەرباز بکەین ، ئەمەش نەک لەبەر ئەوەی دەتوانین دەستی لێ هەڵبگرین بەڵکو لەبەر ئەوەی هۆکاری ڕەوشتی وسیاسی باشمان هەیە بۆ وازهێنان لە خراپەو **سێ بەڵگەش** بۆ ئەم دەستهەڵگرتنە دەهێنێتەوە . **یەکەمیان** : بۆ ئەوەی بتوانین کۆتایی بە وتاری خراپە بهێنین ،چونکە لەکاتی هەوڵدان بۆ نەهێشتی وتاری خراپە ، ڕووبەڕووی هەندێ هەڵوێست و کەس دەبینەوە ناچارین تاوانباریان بکەین بە خراپە ، واتە دەکرێ ئەوکات زیانبەخش و مەترسیدار بێت ، بەدیاریکراوتر لەو کاتانەی بەشێوەکی خراپ سوود لە بەکارهێنانی خراپە وەردەگیرێت رەنگە ببێتە هۆی زیانی زۆر مەترسیدار کاتێک ڕەچاوی بارودۆخە هەستیارە سیاسی و مێژووییە ئاڵۆزەکان نەکرێت بۆ وێنە کاتێک جۆرج بۆشی کوڕ تیرۆرستەکانی بە (خراپەکار-Evildoers ) و ژمارەیەک وڵاتی بە بەرەی خراپە دانا (The axis of evil) ، ئەمەش وایکرد کە بەشێوەیەکی خراپ مامەڵە لەگەڵ هاوڵاتیانی ئەو وڵاتانە بکرێت . بەڵگەی **دووەمی** ئەوەیە کە بیرۆکەی خراپە هەرگیز بیرۆکەیەکی فەلسەفی نییە ، تەنانەت ئایینیش نییە ، بەڵکو ئەفسانەییە و ڕۆڵی دیاریکراو لەهەندێ چیرۆکەکان دەگێرێت ، بە واتایەکی تر چەمکی خراپە چەمکێکی نەزۆکە و لە کاتی شرۆڤەکردنی چەمکەکە پاڵپشتییەکی بەهێزی نییە ، هەرجارەی پەنا بۆ شتێک دەبرێت وەک هێزی سەروو سروشتی و شەیتان و تارمایی و جنۆکە و ڕۆحی شەرانگێز **دواهەمینیشیان** ترس و تیرۆری جیهانییە ، پێی وایە زیاتر لەوەی دەیبینین ترسمان هەیە ، کە ئەم ترس و تیرۆرە جیهان بنکۆڵدەکات ، کە پێویستە ئەم ترسە بوەستێنین و پشتەوەی ئەم ترسە ببینین(بۆ وێنە هەندێک لەو ترسانە سیاسییەکان بۆمان دروستدەکەن) ، کاتێک ئێمە لە تاریکی دەترسین لەبەر ئەوەی هەست دەکەین شتێکی ترسناک خۆی لەناخیدا مەڵاسداوە ، بەنەمانی تاریکیەکە ترسەکەمان دەڕەوێتەوە ، بەڵام لەگەڵ دووبارە تاریککەوتنەوە دووبارە ئەم ترسە سەرهەڵدەداتەوە) ، بڕوانە (Cole2006:235-241)

"کارد" ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ، تەنیا ئەگەری خراپ بەکارهێنانی زاراوەیەک لە ڕووی ئایدۆلۆژییەوە بەس نییە بۆ دەستهەڵگرتن لە چەمکەکە ، بەو پێیە دەبێت دەست لە چەمکە پێوەرییەکانی تری وەک راست و هەڵەش هەڵگرین ، کەواتە گومانگەرایانی خراپە لەو باوەڕەدانین کە پێویست بکات دەست لە هەموو چەمکە پێوەرییەکانی تر هەڵگرین ، ئەی بۆ دەبێ دەست لە چەمکی خراپە هەڵگرین ؟ کۆمەڵێک هۆکار بۆ ئەمە دێننەوە وەک کاتێک خراپە هەڵگری گەورەترین سەرکۆنەکردنی ڕەوشتی بێت ، هەروەها کاتێک ئێمەش بە شێوەیەکی خراپ زاراوەی (خراپە) بەکاردێنین ، کەسێک ڕووبەڕووی سزایەکی سەخت دەکەینەوە، کە ڕەنگە شایەنی نەبێت ، تەنانەت پێیان وایە ئەو کەسانەی تاوانباریشن شایەنی گەورەترین سەرکۆنەی ڕەوشتی نین ، چ جای سەختترین حوکم و سزا قورسەکان . یەکێکی تر لە هۆکارەکانی وەسفکردنی خراپە بە زیانبەخش و مەترسیدار خۆی دەبینێتەوە لە ناڕوونی بەردەوام لەکاتی بەکارهێنانی چەمکەکە ، بۆ نموونە کاتێک زاراوەی خراپە بەکاردێت وا لە هەندێ بیریار دەکات ، کە بڵێن بکەری خراپە ئەم کردەوەی بە ڕقوکینێکی شاراوە ئەنجامداوە یان نا ، یان لەوانەیە ئەم خراپەیە بە هۆی هەندێ پاڵنەرەوە ئەنجامدرابێت کە ڕەنگە هەندێکیان باش بن . بۆیە ئاسان نییە بزانرێت کە بە چ نیازێک خراپەکە ئەنجامدراوە تا بەدووربن لە بریاری دڵڕەقانە ، بەڵام بانگەشەکارانی خراپە لەو باوەڕەدان کە پێویستە بە شێوەیەکی فەلسەفی کاری زیاتر بکەین لە بارەی خراپە و هەوڵی لادانی ناڕوونی و تەمومژیەکان بدەین و ئەگەرەکانی خراپ کەڵکوەرگرتن لێیان کەم بکەینەوە[11] **لە بەرانبەریشدا** هەندێکی تر لەو باوەڕەدان کە پێویستە دەست بە چەمکی خراپەوە بگرین ، **بەڵگەی یەکەم** : تەنیا چەمکی خراپە دەتوانێت قورسایی ڕەفتارو کردەوە خراپەکان پیشانبدات ، چونکە لە هەندێ بارودۆخدا هەڵەو خراپ و زۆرخراپیش ناتوانن بەرانبەر وشەی (Evil)(بەواتا زۆر خراپەکەی) بوەستن و وشەکە تێربکەن . بۆیە بەگوێرەی ئەم بەڵگانە ئەستەمە بتوانرێت دەست لە چەمکی خراپە هەڵبگیرێت ، بۆیە لەکاتی بوونی ڕەفتاری خراپ ، پێویستمان بە چەمکێکە کە ئەم زیادەڕۆییە ناڕەوشتییە بەرجەستە بکات ، هەروەک چۆن هەریەک لە (Garrard and McNaughton) دەڵێن چەمکی خراپە دەست بەسەر بەشێکی گرنگ لە دیاردە ڕەوشتییەکانمان دادەگرێت ، بەدیاریکراوی ڕوودانی ئەو کردەوە هەڵانەی دەبێتە هۆی تۆقاندنێکی ڕەوشتی . **بەڵگەی دووەم :**( kekesوcard) پێیان وایە تەنیا بە ڕووبەڕووبوونەوەی خراپە ، یان ڕوونکردنەوەی سروشت و ڕیشەی خراپە ، دەکرێ ئومێدمان پێ ببەخشێت لە ئایندە ڕێگری لە ڕوودانی خراپە بکرێت و ژیانێکی ئاسایی بەڕێبکەین . **بەڵگەی سێیەم** : هێشتنەوەی چەمکی خراپە ، دەبێتە هۆی پۆلینکردنی ئەو کردەوەو رەفتارانەی بە خراپە دادەنرێن ، ئەمەش یارمەتیماندەدا لە کۆکردنەوەی تواناو سەرچاوە سنووردارەکانمان بەواتایەکی تر ڕێگری لە بەفیرۆچوونی توانا سنووردارەکانمان دەکات ، بۆ نموونە ئەگەر (Evil) خراپترین جۆری هەڵەی ڕەوشتی بێت ، ئەوا پێویستە لەسەرمان پێشینە بدەین بە کەمکردنەوەی خراپە بە بەراورد بە کردەوە هەڵەکانی تری وەک نایەکسانی و ناهەقی ، بۆ وێنە کارد ڕێگریکردن لە توندوتیژی ناوماڵ بە گرنگتر دەزانێت لە دەستەبەرکردنی یەکسانی لە مووچەی نێوان ژن و پیاو لەو ئەرک وکارانەی وەک یەکن . **هۆکاری چوارەم:** خۆی دەبینێتەوە لەوەی کە لە ڕێگەی پۆلینکردنی ئەو کردەوەو رەفتارانەی بە خراپە دادەنرێن ، دەتوانین سنوور بۆ وەڵامە ڕەواکانی خراپە دابنێین ، هەروەها تێگەیشتنێکی قووڵترمان هەبێت بۆ سروشتی خراپە ، ئەوکاتەش توانای خۆپاراستنی زیاترمان دەبێت لە وەڵامنەدانەوەی خراپە بە خراپە (Ibid) پاڵپشت بەم بەڵگانە پیشاندان و پۆلینکردن و دیاریکردنی ئەو شێوە خراپانەی بەکارهێنانی زمان کە زیانبەخشن دەبێتە پێویستییەک تا ڕێگری لە بەرکاهێنانیان بکرێت.

**(۲-۲/۱)ڕیشەی خراپە لە تێڕوانینی جیاواز:**


فەیلەسووفەکان درکیان بەوە کردووە ، لە پێناو ڕاڤەکردنی کێشەی بوونی خراپە ، پێش هەمووشت پێویستە خودی زاراوەکە دیاری بکەن و لە سروشتەکەی بگەن بۆ وێنە ئەفلۆتین[12] لە (تاسوع) ی یەکەم ، بەشی هەشتەم لە ژێر ناونیشانی ( خراپە چییە و بنچینەو سەرچاوەکەی لە کوێیە؟ ) لەبارەی خراپەوە دەدوێت و دەڵێت ( ئەوەی لە جەوهەرو کرۆکی خراپە دەکۆڵێتەوە ، جا ئەگەر ئەو خراپەیە دیارو لەبەرچاو بڵاوبووبێتەوە لە (موجودات) ، یان قەتیس و گۆشەگیربووبێت لە پۆلێک لە پۆلەکانی ، وا باشترە یەکەمجار بە پرسیارکردن لە بارەی بوونی خراپە و حەقیقەتەکەی دەست پێبکات . بەم شێوەیە دەزانین کە خراپە لە کوێ دێت و لەکوێ شوێندەگرێ و لە چ شتێک ڕوودەدات ، هەروەک چۆن لە بنەڕەتەوە بوونی خراپە بە بەڵگە دەکەین) (أفلوطين ۱۹۹۷: ۹۷) لەبەر

---

[11] https://plato.stanford.edu/archives/sum2020/entries/concept-evil/

[12] ئەفلۆتین بە نزیکەیی لە نێوان ساڵانی (۲۰۲-۲۰٤ز) لە شاری لیکوبولیس لە میسر- لە دایکبووە ، لە ماوەی ساڵانی ۲۳۱-۲٤۲ لەگەڵ یەکێک لە هاورێکانی و (ئەمۆنیوس)ی مامۆستای بۆ ماوەی یازدە ساڵ بەدواداچوونیان بۆ توێژینەوە فەلسەییەکان کردووە . تا لە ساڵی ۲۷۰ ز کۆچی دوایی کردووە . کە لە قۆناغی سێیەمی چالاکییە ئەدەبییەکانی گرنگی بە پرسی خراپە داوە ، بەدوای هۆکاری خراپە دەگەرێ . (تاسوعات أفلوطين ص: ط-م)

ئەوەی خراپە هەڵگری چەمکێکی فراوان و جێ مشتومڕە ، بۆ زانین و ناسینی چەمکی خراپە وا پێویست دەکات لە تێڕوانیی ئەنتۆثیۆلۆژی و ڕەوشتی فینۆمینۆلۆجی(دیاردەناسی) بۆ ڕیشەی خراپە بە دوای چارەسەری فەلسەفی و وەڵام بگەرێین هەروەک لەم بازنانە نوێنراون و لە خوارەوە بە جیا باسی هەر یەکێکیان دەکەین .




**(٢/١-٢-١) تێڕوانیی ئەنتۆثیۆلۆجی[13] لە بارەی ڕیشەی خراپە :**

مێژووی تیۆرەکان لەبارەی خراپە بە هەوڵەکان لە بارەی چارەسەرکردنی کێشەی خراپە دەست پێدەکەن ، واتە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی گونجانێک لەنێوان بوونی خراپە (بەواتا بەرفراوانەکەی) و خوا یان بەدیهێنەرێکی خاوەن تواناو هێز و چاکەیەکی تەواو . ئەم تێڕوانینە تیشک دەخاتە سەر توێژینەوە لە سەرچاوەی خراپە و هەندێ پرسی وەک ، واتە کاتێک خوا دادپەروەرەو حەکیمە ( بەو ئەگەرەی خوا بوونی هەیە) ئایا ڕازییە بە ڕوودانی خراپە ؟ ئایا خوا ناتوانایە لە نەهێشتنی خراپە ؟ سەرەرای ئەوەی دەسەڵاتی بەسەر هەمووشتێکدا دەشکێ . ئایا لە بنەڕەتەوە خراپە سەرپێچی ویستی خوایە ؟ یان بە ڕەزامەندی ئەو ڕوودەدات ؟ ئەگەر چی ئەوانەشی باوەڕدارن بە هەر ئایینێک و ئەوانەشی بێباوەڕن بەهەمان شێوە باوەڕیان بە بوونی خراپە هەیە . کاتێکیش باسی خراپە دەکەین نابێ پێشبینی ئەوە بکەین کە هەموان هەمان تێگەیشتنیان بۆ خراپە هەیە ، ئەمەش بە هۆی ئاڵۆزی چەمکی خراپە . ئەگەرچی هەندێک سەرهەڵدانی چەمکی خراپە دەگێڕنەوە بۆ بیروباوەڕی ئایینی ، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە هەر شتێک لە باوەشی ئایین سەریهەڵدابێت لە دەرەوەی چوارچێوەی بێباوەڕان بێت . چونکە ئەگەر خراپە تەنیا لە حاڵەتی بوونی خوا و هۆکارە سەروو سروشتییەکان بوونی هەبێت ، ئەگەر خواو هۆکارە سەروو سروشتییەکان بوونیان نەبێت ، واتە خراپەش بوونی نییە کە ئەمەش هەڵەیە . هەر ئەمەش واتای ئەوەیە کەسانی بێباوەڕ و باوەڕداری ئایینەکان وەک یەک باوەڕیان بە بوونی خراپە هەیە . جا ئەگەر ئەم خراپەیە بدرێتە پاڵ سروشت یان خوا کێشە نییە . کە وێناکردنی ئەم خراپەیە لە هەزری زۆرێک لە خەڵک وێناکردنێکی ئایینییە کە گوزراشت لە ئەهریمەن و ئەو هێزو ململانێ ئەفسانەییانەی نێوان هێزە دەرئاساکان دەکات ، کە توانای تێکدانی گەردوونیان هەیە . لەگەڵ ئەوەی زۆرجاریش کێشەیان هەیە لە دیاریکردنی ئەوەی مەبەستیانە . هەندێ جاریش هەردوو لایەن لە دیاریکردنی ئەو کردەوانەی بە خراپە دادەنرێت کۆکن .بۆ نموونە (درۆکردن ،جنێو، ...) دەکرێ بۆ هەردوو لایەن ڕەفتاری خراپ بن . بۆ ئەمەش (Russell) ئاماژە بۆ پێناسەی وشەی (گوناهـ - تاوان -sin) دەکات لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرد ( ئەو کردەوانەن کە پێشێل و

[13] ئەنتۆثیۆلۆجی وشەیەکی لێکدراوە لە هەردوو وشەی (ئەنتۆلۆجی و ثیۆلۆجی ) ، کە یەکەمیان (Ontology)بە واتای (زانستی بوون) دێت، کە لە بوون دەکۆڵێتەوە ، و یەکێک لە لقەکانی فەلسەفەیە ، و هاوتای میتافیزیکە – metaphysique ، بە واتای سەروو سروشت دێت . هەرچی دووەمیانە (Theology) یان لاهوتی ئایینی ، بایەخدەدات بە توێژینەوە لە سروشتی خوا و بیروباوەڕی ئایینی ئایینە جۆراوجۆرەکانی جیهان و کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگا . ئەنتۆلۆجیا( میتافیزیک) لە پاڵ لۆژیک (logic) ، ئەبستمۆلۆجی ( تیۆری زانین) ، ئاکار ( Ethics) ، ئیستاتیکا(Aesthetics)، سۆفیزم (ئەمەیان ناکۆکی لەسەرە) لقەکانی فەلسەفەن . بەگوێرەی دابەشکردنێکی تر (١) ئەنتۆلۆجیا (٢) ئەبستمۆلۆجیا (٣) ئەکسیۆلۆجیا (بەهاکان-Axiology) کە ئەمەش دەبێتە (أ) زانستی ئاکار (ب) لۆژیک (پ) ئیستاتیکا . فەلسەفەی ئەکسیۆلۆجیا ، گرنگی بە سێ بەهای بنچینەیی دەدا کە تاکەکانی مرۆڤ بە گوێرەی ئەم دیاردە ڕەوشتیانە مامەڵە لەگەڵ یەک دەکەن ئەوانیش بەهاکانی ( چاکە -Good) ، ( ڕاستی –True) ، (حەقیقەت-Truth) و (جوانی-Beauty) ن ( عزیز ٢٠١٢ : ١٣-١٩) .

سەرپێچی یاسا خواییەکان دەکەن و دەیانشکێنن ، یان بەزاندنی مەبەستداری هەندێ پرەنسیپە ئایینی و ڕەوشتییەکانە) ، کە بەشی یەکەمی پێناسەکە ئاماژەیە بۆ لایەنی سەرووسروشتی ، هەرچی بەشی دووەمە باس لە ڕەوشت دەکات ، جا ئاینی بێت یان نا . (Russell2014:9-14) بۆیە دەکرێ وشەی تاوان هەڵگری چەمکێکی ئاینی یان ڕەوشتی بێت ، هەمان شت بۆ خراپەش ڕاستە . بۆیە ئەگەر بۆ کەسێکی بێ باوەڕ درۆکردن تەنیا کردەوەیەکی ناڕەوشتی بێت ، بۆ کەسێکی باوەڕدار دەکرێ گوناهێکی ئایینی و رەفتارێکی ناڕەوشتی بێت ، بەڵام بە وازهێنانی لە ئایینەکەی دەکرێ تێروانینی بۆ چەمکەکەش بگۆڕێ . واتە گوناهـ هەڵگری چەمکێکی ئاینییە ، بەڵام خراپە دەکرێ ئایینی و ڕەوشتی بێت.

زۆرجار لە سیاقی ئاینی و ئەندێشەیی ، خراپە دەدرێتە پاڵ دروستکراوە سەروو سروشتییەکان ، کە لە ڕێی هەستەکانەوە ناتوانرێ پەی پێ ببرێ وەک (دێو ، شەیتان ، جنۆکە، سیحرو جادوو ...هتد) رەنگە پێویستی بە هەستی تر بێت کە زۆرجار ناونراوە هەستی شەشەم ، حەوتەم ...هـتد ، کە ئەم دروستکراوانە خاوەنی جۆرێک لە توانان ، کە لە رووی زانستییەوە راڤەکردنیان ئەستەمە ومرۆڤ ناتوانێت بەئاسانی لێیان تێبگات .

کێشەی ئاڵۆزی چەمکی خراپە وایکردووە لە ڕوانگەی ڕەوشتییەوە ببێتە جێگای بایەخپێدانی لاهوتی کلاسیکی( کە تا ئێستاش بە پشت بەستن بە دەقە کۆنەکان بەدی دەکرێت) ، کاتێک پرسیار خراوەتە سەر ئەوەی چۆن خوا ڕێگە بە تاوانی مرۆڤەکان دەدا و چۆن ڕێگری لە دیاردە سروشتییەکان ناکا کە کەسانی بێتاوان و تاوانبار دەکەنە قوربانی ، چۆن خوا ڕێگە بە ئازار چەشتنی بێتاوانەکان دەدا لەکاتێکدا خاوەن زانینی بێسنوور و نموونەی باڵای چاکەیە ؟ هەروەک چۆن هەریەک لە (David Hume)[14]و([15]John Stuart Mill) ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ئەگەرخوا بیەوێت بە دڵنیاییەوە توانای ئەوەی هەیە . بەڵام وەڵامی ئەو پرسیارەی ئەی بۆچی کەسانی بێتاوان زیانیان پێدەگات و ئازاردەچێژن ؟ ئەم کێشەیە بەشێوەیەکی سادە شرۆڤە کراوە ، کە ئەمە نهێنییەکی میتافیزیکییە . ئەی بۆ خوایەکی نموونەیی جیهانێکی خەوشدار دروستدەکات ؟ کە ئەم خەوش و کەموکوڕیانە دەبنە هۆی زیانی گەورە لە جیهان ، کە باوەڕداران خوا بێبەری دەکەن لەوەی تاوانبار بێت لە ڕوودانی زیانگەیاندن و ناتوانایی و شکستخواردن لە ڕێگریکردن لە روودانی زیانی گەورە ، لەکاتێکدا هەندێکی تر ئەمە دەگێڕنەوە بۆ نەبوونی خوایەکی خاوەن توانا بەسەر هەموو شتێک و لەهەمانکاتیشدا باش و بێخەوش . (card2002:12)

## ١- زەردەشت و ئایینی زەردەشتی :

ئاینی زەردەشتی[16] وەک ئایینێکی کۆنی رۆژئاوای ئێران و کوردستان بە تایبەتی ، جەختی لەسەر سێ بنەمای سەرەکی کردۆتەوە وەک کۆڵەگەکانی ئایینەکە ئەوانیش (هومەتە ، هۆختە ، هڤەرشتە[17]) کە بە واتای ( ئەندێشەی چاک ، گوتەی چاک ، کرداری چاک ) دێن بەگوێرەی ئایینی زەردەشتی بۆ خۆ دوورخستنەوە لە گوتەو زمانی خراپ سەرەتا پێویستمان بە ئەندێشەو بیری چاک و دوور لە خراپە هەیە ، گوتەی خراپ لە نێوان ئەندێشەو کرداری خراپدایە ، پێویستیشە کەسانی باوەڕدار بەم ئایینە هەوڵدەن گوتەو

14 دەیڤد هیوم(١٧١١-١٧٧٦) ، مێژوونووس وئابووریناس و فەیلەسووفی سکۆتلەندی و کەسایەتی گرنگ لە فەلسەفەی رۆژئاواو رۆشنگەری سکۆتلەندی . یەکەم فەیلەسووفە لە سەردەمی نوێ فەلسەفەیەکی سروشتی گشتگیر پێشنیاز دەکات ، ئەو بیرۆکە بەربڵاوە مێژووییە ڕەتدەکاتەوە کە ئەقڵی مرۆیی کۆپی بچووکراوەی ژیری خواییە . لەگەڵ ئەوەی ئاینەکان و مەسیحیەت و کتێبەکەی رەتدەکاتەوە بۆ بەڵگەی بوونی خوا و ئەو بەڵگە ئاڵۆزانە خراونەتە ڕووبۆ بوونی خوا وەک بزوێنەری یەکەم . بەڵام باوەڕیشی بە جیهانێک لە دەرەوەی هەستی مرۆڤ هەیە ، کە پێویستە لە ڕێگەی تێڕامان و ئەزموونەوە بسەلمێنرێ ، بۆ ئەمەش لە پێناو توێژینەوە لە دیاردەی هزری مرۆیی ، پرۆژەیەکی نیوتنی پێشکەشدەکات (زانستی مرۆڤ) . https://ar.wikipedia.org/wiki/دیفید_هیوم

15 جۆن ستیوارد میل (١٨٠٦-١٨٧٣ز) فەیلەسووفی بەریتانی لیبراڵی کلاسیکی سوودگەرا ، یەکێک لە وتەکانی (هەر شتێک پێشبرکێی ئازادانە سنووردار بکات ، ئەوە خراپەی ڕەهایە ،هەرشتێکیش ڕێی بۆ بکاتەوە ئەوا باشەی تەواوە) و باروەری بە ئازادی رەهایە و دەڵێت ( ئەگەر کەسێکمان بێدەنگکرد ڕەنگە راستیمان کپ کردبێت ، بۆچوونی هەڵەش رەنگە لە باڵەکانی رەکی راستی شاراوەیان هەڵگرتبێت ، ئەو بۆچوونانەی ڕێککەوتنی بە کۆمەڵی لەسەرە ناکرێ لە رووی ژیرییەوە قبوڵ بکرێت ، تەنیا کاتێک بخرێتە واقیعی ئەزموونەوەو تاقیبکرێتەوە . ئەم بۆچوونەش ئەگەر ناوبەناو ڕووبەڕووی ئاڵنگاری نەبێتەوە گرنگی و کاریگەرییەکەی لەدەستدەدات).https://ar.wikipedia.org/wiki/جون_ستيوارت_مل#مذهب_المنفعة

[16]زەرەثۆشترا ، چ وەک پەیامبەر یان بیریارێک ، ئاینەکەی بە زەرەثۆشترایی و شوێنکەوتووانی بە زەرەثۆشترایان ( مەزدی یەسنایی ) مەزدا پەرستان ناسراون ، گاثاکان (گاثاو) لە حەڤدە بەشی یەسناکانداو لە پێنج بەشدا ( ئەهنەوەد ، ئەشتەوەد ، سپەنتامەد ، وەهوخشەتر ، وەهیشتیواش ) لە پەرتووکی ئەوێستا وەک تاکە بەجێماوی ئەو دێتە هەژماردن ،ناوی (سپیتما) یەو دایکی ناوی (دەغدووا) و باوکی ناوی (پورشاسپ) ە ، بە پێی دەقە مێژووییەکان لە شەشەم رۆژی مانگی خاکەلێوە ، مانگی یەکەمی ساڵنامەی کوردی لە ساڵی ١٧٥٤ پ. ز لە کەنارەکانی گۆڵی ورمێ نزیک ڕووباری ئاراس لەناو خێڵی (ئەسپەنتمان) هاتۆتە دونیاوە . بڕوانە (حاجی کەریم ٢٠١٩: ٤-٥) زەردەشت لە تەمەنی ٧٧ ساڵیدا لەکاتی پەرستندا لە پەرستگا بەدەستی تۆرانییەکان دەکوژرێت . (جەهانبەگلو ٢٠٠٢: ٦٤)

[17]هەمان نووسەر لە سەرچاوەیەکی تر بۆ وشەی (هڤەرشتە ، کرداری چاک نووسیویەتی (هواریشت) ، (حاجی کەریم ٢٠١٩: ٦)

قسەکانیان بەدوور بێت لە شێوە خراپەکانی بەکارهێنانی زمان . ئەم ئایینە باوەڕی بە ململانێیەکی نەبڕاوە هەیە لەنێوان (ئەنگرەمینۆ: ئەندێشەی خراپ و سپەنتامینۆ : ئەندێشەی چاک ) هەروەک خۆی لە گاثاوەکان یەسناهاتی ٣٠ بڕگەی ٤ دەڵێت " لەسەرەتای ململانێیان ئەو دوو گەوهەرە مینۆییە ، ژیان و مەرگیان هێنایەدی . تاکۆتایی ژیان ئەم ڕەوشە بەردەوامی دەبێت " ( حاجی کەریم ٢٠١٩: ٤-٥) ، کەواتە ململانێی نێوان ئەم دوو هێزە لە ئەندێشەوە وەک خاڵی دەسپێک سەرهەڵدەدا ، ئەم بیروباوەڕە لەسەر بنەمای ململانێی دژەکان دامەزراوە وەک چاکەو خراپە ، روناکی و تاریکی ، بەهێزو لاواز ... هتد . کە وەک دوولای پارسەنگێکن و هیچیان بێ ئەوی ترنابێت. ئەم ململانێیەش تەنیا بە لەناوچوونی مرۆڤ کۆتایی دێت ، کە زەرەتۆشترا ئاراستەکردنی مرۆڤی بۆ لایەنە پۆزەتیڤەکەی بە ئەرکی خۆی زانیوە .

زەرەتۆشترای پەیامبەر دەبێژێت ( بیرکردنەوە لەسەر بنەمای چاک یان خراپ لە ڕێگەی دەیناوە ، گوتەو کرداری مرۆڤ دیاری دەکات . وشەی (دەینا) ، بەواتای (دادوەر و یژدان) دێت ، کە دەرهاوێشتەی خرەتۆمە لەناو بیرکردنەوەکانی مرۆڤداو شێوەی بیرکردنەوەکە دوو بەشە (چاک و خراپ) ئەو دەینایە وەک دادوەرێک بەرەو ڕاستییەکە خۆی کە چۆنە ئاراستەی دەکات (حاجی کەریم (أ) ٢٠٢٠: ١٠).

هەروەها لەدەقی وەرگێڕدراوی گاثایەکی تر بە نووسینی دیندەپیر و بەزمانی ئاڤێستایی زەرەئۆشترا دەڵێت ( من کە ڕەوانم بەهاوکاریی ڤەهومەن(ئەندێشەی چاک) بەسەرتاسەری گوتەکانم سپاردووە بێگومان لە پاداشتی ئەهورامەزدا بەئاگام . بۆیە تا ئەوکاتەی هێزو وزەی توانایم هەیە ، تا ئەوپەری ئەندازە لە دیدەمدا ، ئارەزووی گەیشتن بە ئەشا ( راستی و رەوتی ژیان بوون) دەکەم (سەرچاوەی پێشوو :٢٣). وەک زۆرینەی ئایینەکانی تر راستگۆیی و راستی درکاندن لە وشە و گوتنەکان لە بەرانبەر چاوەڕوانی پاداشتێکی خوایی دایە ، بوارێک بۆ حاڵەتی ناڕاستی هێڵدراوەتەوە ئەویش ئەو کاتەیە کە لە هێزو توانای مرۆڤەکان بەدەربێت .

هێزو سیحری وشە بۆ باوەڕپێکردنی شوێنکەوتووانی هەر ئایینێک لە پلەیەکی یەکجار لەپێشی قەناعەت پێهێنانە تا بیانهێننە ناو بازنەی ئایینەکەیان ، بۆیە زەرەئۆشترا لە گاثایەکی تردا دەڵێت ( ئەی ئەشا ، کەی لە ڕێگەی تۆوە پێی دەگەم و (ڤەهومەن) ئەندێشەی چاک بەدەست دەهێنم ، تا بەهێزترین سروش (وەحی)ی مەزدا ، کە مەزنترین پەیامی مینۆییە ، بەرەو ئەهورا ، گومرایان بە زمان (بە قسە) ئاراستە بکەم (سەرچاوەی پێشوو: ٢٨). وەک دەبینین زمان لێرە وەک ئامرازێک بەکاردێت بۆ ئەوەی گومڕاکان بخرێنەوە سەر ڕێچکەی ڕاست کەواتە لێرە ڕۆڵی ئەرێنی دەگێرێت لە ئاراستەکردنی مرۆڤەکان .

لە گاثایەکی تری وەرگێردراو بەنووسینی (دیندەپیرە) بە زمانی ئەوێستایی لە بارەی بێزراوی درۆ دەڵێت ( لەو دوو گەوهەرە مینۆییە ، ئەوانەی درۆپەرستن بەدترین (خراپترین) کردار هەڵدەبژێرن , ئەوانەشی بە ئەندێشەی پاک سنگیان بە سەختییەکان پۆشیوە ، ڕاستی و باشترین هەڵدەبژێرن . ئەوان باوەڕی تەواویان بە ئاهورامەزدا هەیە ، بە تێکۆشانی دروستیان بەختەوەری دەهێنن.) ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە چەندین گاثای تر باس لە خراپی درۆ دەکات کە درۆ ناسۆری و زیانی هەمیشەیی و کەوتن و وێرانی بۆ مرۆڤ دەهێنێت . بڕوانە (حاجی کەریم ٢٠٢٠(ب):٢٢-٤٢-٤٦) هەروەها پەسنی ڕاستی بەجۆرێکە لە هەر پێنج بەشی خوردە ئاڤێستا (فرامون یەشت ، ئەهونەوەر یەشت ، سروش واژ ، ئەوێستای کوشتی بەستن ، برەساد ) کە بەشە هەر گرنگەکانی ئاڤێستای بچووکە . کۆی گشتی هەر پێنج نوێژەو نیاشەکەی زەردەشتیانی لە خۆگرتووە( بەیانی (هاوەن ، هاڤانێ) ، نیوەرۆ(ڕەپیتوەن) ، نیوەی دەمی ئێوارەی (ئوزیرەن) ، بۆکاتی ئێوارە لە خۆرنشین تاکو ئەنگویتەچاو ( ئەئیوی سروترەم) ، بۆکاتی نیوەشەو تاکو سپێدە ( ئوشەهین) کە رۆژانە لەهەر نوێژێک سێ جار ئەمە دووبارە دەکەنەوە (ئەشم ڤەهو ، ڤەهیشتەم ئەستی ، ئوشتا ئەستی ، ئوشتا ئەهمانی ، هیەد ئەشانی ، ڤەهیشتائی ئەشم) وەرگێرانە کوردیەکەی دەبێتە ( ڕاستی چاکەیە ، شادمانییە ، چاکترین چاکەیە ، هەوێنی بەختەوەرییە . بەختەوەر ئەو کەسەیە بەبێ پاداشت ، ڕاستی و دادپەروەری دەکات بە پیشە. ) (حاجی کەریم ٢٠١٧ :٣-٩)

**٢- مانەوی[18] و دووانەی چاکەو خراپە .**

یەکێک لەو تیۆرانەی هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی خراپەی داوە مانەوییە . مانەویەت بیروباوەڕێکی دوالیزمییە ، بەگوێرەی بیروباوەڕی دوالیزمی مانەوی جیهان لەسەر بنەمای ململانێی بەردەوامی دوو هێزی گەردوونی هاوشان و یەکەمی بنەڕەتی و

[18] مانیزم (manichaeism) بیروباوەرێکی فەلسەفی و ئاینییە ،لە وڵاتی فارس دەرکەوتووە ، دەدرێتە پاڵ دانای فارسی "مانی کوری فتک" (٢١٦-٢٧٧ ز) لە بابل لەسەردەمی شاپوری کوڕی ئەردەشێر دەرکەوتووە ، گوایە لەتەمەنی ١٢ ساڵی سروشی بۆ هاتووە ، تۆمەتبارکراوە بە شێواندنی ئایینی زەردەشتی ، بۆیە بەهرامی کوڕی هورمزی کوڕی شاپور بەندی کردووە ، لە ژێر ئەشکەنجە لە بەندیخانە مردووە . لە ڕێگەی بیروباوەڕەکانی هەوڵیداوە جۆرێک لە سازان لە نێوان ئایینی مەسیحی و زەردەشتی و بودایی دروست بکات ، تەنانەت ئەو ئاینانەی بە پێشینەی خۆی داناوەو چەندین کتێبی نووسیوە لە نێوانیان کتێبی (ئینجیل) کە ویستوویەتی هاوتای ئینجیلی عیسا بێت .

تاهەتایی دامەزاروە ، کە ئەوانیش هێزی چاکەو خراپەن ، یان روونتر بڵێین لەلایەن (خواو ئەهریمەن)ەوە نوێنەرایەتیان دەکرێـت و دەدرێـتە پاڵیـان . هەر لەم دوو بـنەڕەتەوە کرۆکـی چـاکەو خـراپە هەڵـدەقوڵێن و سـەرچاوەیانگرتووە. کە ئەمە لە هـزر و شرۆڤەی هەنـدێ ئـایینی تـریش بەدی دەکرێـت . ئەم دوو هێـزە لە ململانێیەکـی هەمیشـەیی و بەردەوام دەمێـنـەوە لە پێنـاو باڵادەسـتی و سـەرکەوتن . مـانەویەت هەوڵیـداوە لە چوارچێـوەیەکی کۆزمۆلـۆجی[19] شرۆڤەی ڕیشـەو سـەرچاوەی خـراپە بکـات. وای دەبیـنن کە گەردوون بەرهەمی ململانێیە لە نێوان دوو بنەرەت و سـەرەتای رەسـەن و هاوشـان (هاوتـا) (هـاوهێز-تکـافۆ) . ئەگەرچـی لە رووی لۆژیکییەوە پێدەچێت ئەم گریمانەیە هاوکۆک و یەکگرتوو بێت ، بەڵام لە رووی فەلسـەفییەوە لەبەر چەنـد هۆکارێـک بەپەسـەند نازانرێت .

أ- مانەوییەکان وێناکردنەکە کۆزمۆلۆجییەکەیان بۆ بنچینەی چاکە و خراپە پشتی بە بەڵگەو سەلماندنی فەلسەفی بەهێز نەبەستووە ،یان پاڵپشتی ئەزموونی کەمیان لەبارەی زانستی گەردوون پێشکەشکردووە .

ب- باوەڕبوون بە سەربەخۆیی و جیاوازیی ڕیشەیی لە نێوان چاکەو خراپە، خراپەی کردووە بە هێزێکـی گەردوونی کە بە شـێوەیەکی ڕێکخراو بەرانبەر هێزی چاکە کاردەکات .

پ-تێکەڵکردنی خراپە بە چاکە و چاکەش بەخراپە لە زۆرێک لە کردەوە و ڕووی راستییەکان ، لەگەڵ ئەوەی چاکەو خراپە دژیەکن و بەیەکناگەن .

ت- تێڕوانیان بۆ خوا بەوەی کە تاکە دورستکەری گەردوون نییە و توانای ڕێگریکردن لە خـراپەی نیـە ، ئەمەش دژواری قبـوڵکردنی بنەماکانی مانەویمان بۆ دەردەخات ، بەهۆی نەگونجان و نا عەقلانییەتەکەی ، بەتایبەتی بۆ کەسـانی یەکتاپەرسـت ، کە باوەڕهێنـان بەوەی کە خوا تاکە بەدیهێنەرو خاوەن توانای هەمەکی و تەواو باڵادەست بەسەر جیهاندا نییە (الشریف ٢٠٢٠: ٢٨٧) .

### ٣-**ئایینی ئیسلام**

لە ئایینی ئیسلامیشدا ئاماژە بۆ دوو هێز کراوە کە یەکێکیان کرۆکی چـاکەی ڕەهـایە کە خـۆی لە خـوا دەبینێـتەوە ، هەرچـی هێـزی خراپەشـە لە شـەیتان بەرجەسـتەدەبێت ، بەڵام ئەو هێـزانە هاوتـانین چـونکە خـوا خـاوەنی دەسـەڵاتی بێسـنوورو و هەرخـۆشی ئەفرێنەری شـەیتانە کە رەمـزی هەمـوو خـراپەیەکە ئەگەر ویسـتبای دەیتوانی نەیخـوڵقێنێ (بەڵام وەک لە ئایەتەکـان دیـارە پـێش ئـادەمیش شـەیتان بـوونی هەبـووە ) ، واتە ئەفرانـدنی شـەیتان (خـراپە) بـۆ پـێش دروسـتبوونی مـرۆڤ دەگەڕێـتەوە ، بەڵام پـێش دروستبوونی خوا نییە کەواتە یەکەم بوون بوونی چاکەو باشەیە کە خوایە دواتر دروستکردنی خـراپە (شـەیتان)دێت و لەکۆتایشـدا ئەفراندنی مرۆڤ دێت کە دەبێتە خاڵی دەسپێکی ململانێی نێـوان ئەم دووهێـزە ، واتە ئەگەرچـی پـێش بـوونی مـرۆڤ ئەو هێـزانە هەبوون بەڵام لە ململانێدا نەبوون بۆیە ململانێی نێوان چاکەو خراپە دەگەڕێـتەوە بـۆ سـەرەتای ئەفرانـدنی یەکەم مـرۆڤ و پـێش دابەزاندنیان بۆ سەر زەوی چونکە پێش ئەو کاتە هیچ ئاماژەیەک بۆ خراپە بەدی ناکرێ ، هەر لەو کاتەوە هێـزی خـراپە کە خـۆی لە شەیتان یاخود ئیبلیس دەبینێتەوە هەرەشەی گومڕاکردنی مرۆڤەکان دەکات تا ڕۆژی دوایی لە ڕێـگەی هانـدانیان بـۆ کـاری خـراپ ، بەڵام هەرگیز شەیتان خودی خۆی ڕۆڵی بکەری خراپە نابینێت و لە خودی خۆشیدا خراپە نییە تەنیا بەشێک لە نەوەکانی ئـادەم لە خشتەدەبات و بەرەو خراپە ڕاپێچیـان دەکـا ئەگەرچـی خـوا فەرمـانی پێنەکـردووە خـراپە بـڵاو بکـاتەوە ، ئەو خـۆی ئەو سـوێندە بە

---

19 وشەی کۆزمۆلۆجیا لە زمانی یۆنانی بەواتای زانستی گەردوون دێت ، کۆزمۆلۆجی لەگەڵ ئەنترۆپۆلـۆجی و ئاراسـتەی گشـتگیر ، سێ لقی قۆنـاغی یەکەمـی (هیلینین) کە بۆ هێلین ی باپیرە گەورەی یۆنانییەکان دەگەڕێتەوە –هەرچی قوناغی دووەمە بەناو هیلینیستی یە ) چەرخی دێرینـی فەلسـەفەی یۆنـانین کەلەپـاڵ چەرخەکانی تری ( ناوەراست ، نوێ ، ئێستا) چەرخەکـانی فەلسـەفە پێکـدێنن ، ئاراسـتەی کۆزمۆلـۆجی هەوڵـی وەڵامـدانەوەی چەنـد پرسیارێک دەدات وەک ئەسڵی بوون چییە ؟ ئەو بنەماو جەوهەرە کـامەیە کە هەمـوو بـوونە سروشـتییەکانی کە لە دەوروبەرمـان دەیـاتبینین لێـیەوە سـەریهەڵداوە ، کە لای خۆشـیەوە ئەمەش دەبێتە قوتابخانەی سروشتی یەکەم و دووەم . هەرچی ئارستەی ئەنترۆپۆلۆجییە گرنگی بە ئادەمیزاد دەدات و بۆ سوقرات (٤٧١-٣٩٩پ.ز) دەگەڕێـتەوە کەدوای ئەو پرسیارەی سوقرات ( کە ئایـا ئەو مـرۆڤەی هەوڵـدەدات کە بزانێـت بـوون چییە ؟ باشـتر نـیە یەکەمجـار بزانێـت مـرۆڤ چییە ؟) گرنگی پێـدانی فەیلەسووفەکان ئاراستەی بەرەو مرۆڤ و ژیانی مرۆڤ گۆرا ، بۆیە مێژوونووسان ڕاهاتن لەسەر ئەوەی بڵێن سوقرات فەلسەفەی لە ئاسمانەوە دابەزانـدە سـەر زەوی و لە دیـارترین پرسـە جێبایەخەکـانی ئەم قۆنـاغە بریتـی بـوون لەوەی مـرۆڤ چـۆن بیردەکـاتەوە ؟ چـۆن گرێنتـی ئەوە دەکەیـن بە شـێوەیەکی دروسـت بیربکاتەوە ؟ مرۆڤ دەبێت چۆن ڕەفتار بکات و ڕەفتاری لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگا چۆن بێت ؟ ئەو ئامانجانە چین کە پێویستە لەماوەی ژیـانی گرنگیـان پێبـدات ؟ ئایا هەق و راستی بوونیان هەیە ؟ ئایا چاکەیەک لە خۆوە هەیە کە پەیوەندی بە بۆچوونە کەسیەکانمانەوە نەبێت ؟ ئایا ڕاستی شـتەکان جێگیـرە یـان گـۆڕاوە ، ...هتـد ، هەرچـی ئاراسـتەی سـێیەمە لەلایەن ئەفلاتـۆن و ئەرسـتۆوەیە کە توێژینەوەکـان لە چەنـد بـابەت و پرسـێک کـورت نەبـوونەوە ، بەڵکـو بـازنەی توێژینەوەکان فراوانبوون و هەموو شتێکی دەگرتەوە کە بە بیری مرۆڤدا دێت و شایەنی توێژینەوەیە کە ئەفلاتۆن بـۆ ئەمە دوو جـۆر شـتی جیـاکردەوە (١- شـتە مادییە هەستپێکراوەکان ، ٢- شتە هۆشەکییەکان –نموونەی باڵاکان . بڕوانە (عبدالجبار ٢٠٠٣: ٦٥-٦٧)

گەورەیی خوا دەخوا کە هەڵیانبخەڵەتێنێت "قَالَ فَبِعِزَّتِكَ لَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ " (ص:٨٢) ئەمەش ئاماژەی روونە بۆ بەردەوامی ئەم ململانێیە بۆ تاهەتایە تا ئەوکاتەی مرۆڤ بوونی هەبێت ، ئەوەی تێڕوانینی ئیسلامی لە تێڕوانینەکانی تر جیادەکاتەوە خراپە هێزێکی هاوتای هێزی چاکە نییە ، بەڵکو دروستکراوی دەستی هێزی چاکەیە و هەر چاکەش هێزی یەکەمینە ، خراپە لە ئاستێکی نزمتر دایە .
لەلایەکی تر ئەوەی پەیوەندی بە زمانەوە هەیە هەر لەوکاتەوەی خوا مرۆڤ لە نەبوونەوە دێنێتە بوون و رۆحی بەبەردا دەکات ، فێری هەموو ناوێکی دەکات "وعلم ادم الاسماء كلها" (البقرة ٣١) لێرە پرسیارێک سەرهەڵدەدات ، ئایا کاتێک خوا هەموو ناوەکانی فێری ئادەم کرد ئەو بەشەی ئێمە لە زمان بە خراپ ناوی دەبەین ئەویشی فێرکرد ؟ بێگومان کاتێک هەموو ناوەکان بێت ، دەبێت خراپەکانیشی لەگەڵ دابێت .
خوا لە ئیسلامدا کرۆکی چاکەی ڕەهایە ، بۆیە پێویستە کەسی موسڵمان ڕۆژانە چەندین جار لە نوێژەکان سوپاسی خوا بکات هەوڵدراوە بە ٩٩ ناو پەسنی ئەم سیفەتانەی خوا بکرێت. ئەمە شۆڕبۆتەوە بۆ پێغەمبەرەکانیش کە هەریەکێکیان نازناوێکیان پێ بەخشراوە وەک ( صفی اللە ، روح اللە ، حبیب اللە ، کلیم اللە ...) ، تەنانەت هاوەڵانی پێغەمبەریش بە(صدیق ، فاروق ، ذوالنورین ، کرم اللە وجە ) . لە بەرانبەردا شەیتان لە بەرەکەی تردا وەک جەوهەری خراپەو هەموو رەفتارێکی خراپ بە کۆمەڵێک ناوی خراپ ئاماژەی بۆ دەکرێت وەک (أعور(هانی پەیوەندی ناشەرعی نێوان ژن و پیاوەدەدات) ، مطرش (هەواڵی ناراست بڵاودەکاتەوە) ، ثبر ( وا لە مرۆڤ دەکات کە ئارام نەگرێت لەسەر کارەساتەکان) الرجیم ، الخناس ، الوسواس ، اللعین ، ...) هەروەها ئەو کەسانەش کە دژایەتی پەیامی ئیسلامیان دەکرد نازناوی خراپیان بۆ داتاشراوە وەک ( أبو جهل ) بۆ (عمر ابن هشام) و ناوهێنانی (عبدالعزا بن عبد المطلب ) لە قورئان بە (أبی لهب) [20].
لە ئایینی ئیسلام و بە تایبەتتر لە ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر ، هەموو شێوەکانی خراپ بەکارهێنانی زمان ڕەتکراوەتەوە چونکە بە خراپ دانراون بۆ نموونە لە قورئاندا لە (٢٦٧) وشەی درۆ و هاوشێوەکانی بەکارهاتووە ، کە بەسەر (٧٠) سورەت دابەشبوون لە کۆی (١١٤) سورەتی قورئان[21] ، بۆ وێنە لە هەندێ ئایەت بەم شێوە باسی درۆ و شێوەکانی تری خراپ بەکارهێنانی زمانکراوە ، "فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَىٰ عَلَى اللَّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِآيَاتِهِ " (یونس:١٧) ، " وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ بِمَا كَانُوا يَكْذِبُونَ"(البقرة: ١٠) ، لە ئایەتێکی تر " إِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَكَاذِبُونَ" (المنافقون: 1) یاخود  یاخود لە ئایەتێکی تر کاتێک پەروەردگار قسە لەگەڵ نەکردن وەک سزا بەکاردێنێت "وَلَا يُكَلِّمُهُمُ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ"(البقرة١٧٤)
هەروەها لە ئایەتێکی تر لە سورەتی (حجرات) گاڵتەکردن بە یەکترو دۆزینەوەی ناو ناتۆرە لە یەکتر قەدەغەو ڕەتکراوەتەوە "يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا يَسْخَرْ قَومٌ مِّن قَوْمٍ عَسَى أَن يَكُونُوا خَيْرًا مِّنْهُمْ وَلا نِسَاء مِّن نِّسَاء عَسَى أَن يَكُنَّ خَيْرًا مِّنْهُنَّ وَلا تَلْمِزُوا أَنفُسَكُمْ وَلا تَنَابَزُوا بِالأَلْقَابِ بِئْسَ الاِسْمُ الْفُسُوقُ بَعْدَ الإِيمَانِ وَمَن لَّمْ يَتُبْ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ" (الحجرات: 11)
هەروەها لە فەرموودەیەکی پێغەمبەر هاتووە کە باوەڕداران دەکرێ ترسنۆک یان چاوچنۆک بن ، بەڵام هەرگیز ناکرێ درۆزن بن ، لە فەرموودەیەکی تریش درۆکردن بە یەکێک لەسیفەتەکانی دووڕووەکان دانراوە[22] .

**٢- ئەفلاتۆنی نوێ(Neoplatonists) :**

وێناکردنی خراپە وەک بێبەشبوون لە هەموو چاکەیەک ، بەگوێرەی ئەفلاتۆنی نوێ خراپە وەک ماددەو تایبەتمەندی(property) بوونی نییە ، لە بری ئەوە وەک بێبەشبوون لە جەوهەرو شێوەی باش بەدی دەکرێت . بەم پێیە ئەفلاتۆنی نوێ هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی خراپەی داوە ، واتە کاتێک خراپە بێبەشبوون بێت لە باشە ئەمە مانای ئەوەیە کە خوا هەرگیز خراپە دروست ناکات ، هەموو بەدیهێنراوەکانی خوا باشن ، خراپە خۆی لە بنەڕەتەوە کەموکوڕی لە بوون و باشی هەیە. کەواتە دەکرێ بڵێین چارەسەری بەشێک لە کێشەکانی مانەویەکانی کردووە[23] . بەم پێیە ئەفلاتۆنییەتی نوێ دوانەی باشەو خراپە بۆیەک بنەڕەت دەگەڕێنێتەوە ، لەبەر ئەوەی دژەکان دەتوانرێت بەیەک زانست لێکبدرێنەوە ، چونکە چاکەش پێچەوانەی خراپەیە ، کەواتە زانینمان بە چاکە بریتییە لە زانین بە خراپە ، ئەوکاتە ئەو کەسەی بەدوای خراپە دەگەڕێت ، سەرەتا پێویستە لە چاکە دەست پێ بکات ،

---

[20] https://www.almrsal.com/post/857175

[21] https://quranindex.info/searchالكذب/

[22]روى مالك في موطئه من حديث صفوان بن سليم: أنه قيل للرسول محمد (أيكون المؤمن جبانًا؟ قال: نعم. فقيل له: أيكون بخيلاً؟ فقال: نعم. فقيل له: أيكون المؤمن كذَّابًا؟ فقال: لا) صحيح مسلم ، (أربع من كن فيه كان منافقًا خالصًا، ومن كانت فيه خلة منهم كانت فيه خلة من النفاق حتى يدعها: إذا حدث كذب، وإذا عاهد غدر، وإذا وعد أخلف، وإذا خاصم فجر) سنن ابى داود

[23] https://plato.stanford.edu/archives/sum2020/entries/concept-evil

چونکە (خراپە وەک جەوهەر"کرۆک" بوونی نیە ، بەڵکو بریتییە لە ڕووداوێکی پێشبینینەکراو ، لە نیشانەکانی بوون ، یان باشترە بڵێین کە بێبەشبوونە لە جەوهەرو نموونەی چاکە . هەرچی چاکەیە بەتەنیا جەوهەر دەنوێنێت ، هەموو شتێکی پێوە گرێدراوە ، ئامانجی هەموو شتەکان لە پێناو چاکەیە بەو واتایەی کە ڕەسەنی(أصل- بنچینەی)خۆی تێدا دەدۆزێتەوەو پێویستی پێیەتی ، بەڵام چاکە پێویستی بە هیچ نییە تەنیا پشت بەخۆی دەبەستێت (أفلوطین ١٩٩٧: ٩٧). بە گوێرەی فەلسەفەی ئەفلۆتین هەرخراپەیەک لە ژیانی مرۆڤەکاندا بۆ نەبوونی جۆرێک لە چاکە دەگەڕێتەوە ، چونکە جەوهەر چاکەیە ، کەواتە هەر شێوەیەکی خراپ بەکارهێنانی زمان لە بێبەشبوون لە باشیەکانی بەکارهێنانی زمان سەریانهەڵداوە ، جەوهەر لە بەکارهێنانی زمان لایەنە باشەکەیەتی هەر بەکارهێنانێکی خراپی زمان بریتییە لە بێبەشبوون لەنموونە چاکەکان .

ئەگەرچی ئەفلۆتین تیۆرێکی تاڕادەیەک رێکوپێکی لە بارەی خراپە پێشکەشکردووە ، چونکە ئەگەر خراپە بەواتای بێبەشبوون لە جەوهەربێت ، توانیویەتی هەندێ کێشەی خراپە چارەسەر بکات ، بەڵام یەکێک لەو کێشانەی ڕووبەڕووی ئەم تیۆرە دەبێتەوە ئەوەیە ، کە چارەسەرێکی هەندەکی پێشکەشکردووە ، واتە ئەگەر خواش خراپەی بەدینەهێنابێت ، بەڵام هێشتا پێویست بەوە دەکات ئەو هۆکارانە ڕوون بکاتەوە بۆچی خوا ڕێگا بە بێبەشبوون لە بوون دەدات ، هەروەها کێشەیەکی گرنگتر بریتییە لەوەی وەک دیارە ئەم تیۆرە وەک تیۆرێکی خراپە توانای لێکدانەوەی هەندێ خراپەی دیاریکراوی نیە ، بۆ نموونە ناتوانین خراپەی ئازارچەشتن و ئێرنەبوون لە خۆشی یان هەر هەستێکی تر بە یەکسان تەماشا بکەین ، ئازار ئەزموونێکە بە ئاشکرا دیارە خراپە . بە هەمان شێوە ئەشکەنجەدەری سادی هیچ جۆرە بەزەیی و میهرەبانییەکی نییە ، لە پێناو چێژوەرگرتن ئازاری قوربانییەکانی دەدات ، ئەو کەسە ئەم سیفەتانەی هەڵگرتووە ، نەک بێبەشبێت لەم سیفەتانە[24] .

**(٢/١-٢-٢) تێڕوانیی ڕەوشتی بۆ ڕیشەی خراپە :**

مرۆڤ لە جیهانێکی ڕەوشتی لەدایکدەبێت و دەژی ، بۆیە لە منداڵییەوە فێری بنەما ڕەوشتییەکان دەبێت و پابەندیان بەرانبەر جێبەجێدەکات . گرنگی ڕەوشت لە کۆمەڵگادا بەشێوەیەکە تەنانەت وێناکردنی جیهانی دوور لە ڕەوشت ئەستەمە .

فەلسەفەی ئاکار(Ethics) لقێکە لە فەلسەفەی بەهاکان. ئەخلاق لە لقە کۆنەکانی فەلسەفەیە ، هەر لە کۆنەوە ئەم پرسانەیان تاوتوێکردووە ، یەکێک لە گرنگترین سیما جیاکەرەوەکانی بوونی مرۆڤ دانانی مرۆڤە بە دروستکراوێکی ئەخلاقی ، ڕەفتارە ئەخلاقییەکان لە نموونەی( چاکەو خراپە ، هەق و ناهەق ، ئەرک و بەرپرسیاریەتی و پاداشت ) ئەو واقیعانەی بە پراکتیکی جێبەجێکردووە ، و بڕیاری لەبارەیانەوە دەرکردووە . کە ستایشی کارێک و سەرزەنشتی کارێکی تری کردووە ، بۆیە مرۆڤ لەگەڵ ئەزموونی ئەخلاقی ژیاوە لەو کاتەوەی هەستی پێکردووە و ژیانی کۆمەڵایەتی سەریهەڵداوە ، تا ئەوەی ڕاهاتووە لەسەر بڕیاردان لەبارەی ئەوەی پێویستە بکرێ و نەکرێ ، زانینی خێرو شەڕ زانینێکی وەدەستهاتووی مرۆڤە لەناخی خۆی و لە دەرەوە بە کاریگەری بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئەو پەروەردەی لە خێزان و کۆمەڵگا وەریدەگرێت ( عەزیز ٢٠١٢: ٣٨) مرۆڤ توانای ئەنجامدانی چاکەو خراپەی هەیە ، وە هەر خۆشی دەتوانێ هەڵیانبژێرێ ، ڕەنگە ئازادی هێزی گەورەی ژیانی ئادەمیزاد بێت ، لە هەمانکاتدا گەورەترین مەترسیش بێت ، کە بەردەوام هەرەشەی لێ بکات ، پێویستە مرۆڤ بەردەوام لەگەڵ ئەم مەترسییە بژی ، ئەگەر وا نەبا مرۆڤ دروستکراوێکی ئەخلاقی نەدەبوو . (عبدە ١٩٩٩: ٢٤) لەراستیدا چاکەو خراپە بوونیان لە شتەکاندا نییە (لەنێوانیشیاندا زمان) ، بەڵکو بوونیان لەو ڕێگایانەدا کە ویستەکانمانی پێ لەو شتانە بەکاردێنین ، ویستیش لە خودی خۆیدا چاکەیە ، خراپە لە خراپ بەکارهێنانی ئەو خواستانە دروست دەبێت ، چاکە تەنیا لە بوونی خراپە نرخ و بەها پەیدا دەکا .

**(٢/١-٢-٢-١) کانت(١٧٢٤-١٧٠٤ز ) :**

کانت لەسەردەمی نوێ بەیەکەم کەس دادەنرێت کە تیۆرێکی تەواو سیکۆلاری لەبارەی خراپەوە پێشکەشکردبێت ، لە کتێبەکەی بەناوی (ئایین بەتەنیا لە چوارچێوەی سنووری ئەقڵ - Religion Within the Limits of Reason Alone) بەیەکەم کەس دادەنرێت کە تیۆرێکی فەلسەفی سەراپاگیری لە بارەی خراپە پێشکەشکرد ، کە پشت بە هیچ کاردانەوەیەکی میتافیزیکی یان سروشتی بۆ کێشەی خراپە نابەستێت . کانت چارەسەری سێ پرسی بنەڕەتی و دژیەکی لەبارەی سروشتی مرۆڤایەتی کرد وەک دەروازەیەک بۆ شرۆڤەی بوونی خراپە لە جیهان . کە ئەم پرسانە بریتین لە (١) ئایا ئێمە بە سروشتی خۆمان ئازادین ؟ (٢) ئایا ئێمە بە سروشتی خۆمان ئارەزووی چاکە دەکەین ؟ (٣) ئایا ئێمە بە سروشتی خۆمان ئارەزووی خراپە دەکەین ؟ لە ڕێی چارەسەرکردنی ئەم کێشانەوە

[24] Ibid

، شرۆڤەی خراپەی کردووەو گێراویەتییەوە بۆ ویستی (خراپ ) لای مرۆڤ و وەک لاوازی ڕەوشتی و لادان لە یاسا ڕەوشتییە بەڵگەنەویستەکان لێی ڕوانیوە . واتە تەنیا کاتێک دەتوانین بڵێین کە نیازی ڕەوشتی باشمان هەیە کاتێک ئەو کردەوانەمان ئەنجامدا کە لەرووی ڕەوشتییەوە دروستن . هەرکەسێک خاوەنی نیازپاکی ڕەوشتی نەبێت ، ئەوا ویستێکی خراپی هەڵگرتووە . هەروەها کانت بۆ یەکەمجار زاراوەی (خراپەی ڕیشەیی –Radical Evil)ی خستەڕوو ، کە لە ڕێگەیەوە گوزارشت لە مەیل یان ویست و ئارەزووی بەردەوام و خۆرسکی ئادەمیزاد دەکات بۆ خراپە وەک بەشێک لە سروشتی مرۆڤایەتی (الشریف ٢٠٢٠: ٢٨٨-٢٨٩ ) و(Russell2014:18-19)

کانت لە تێڕوانینی بۆخراپە سێ پلەی بۆ قۆناغەکانی بەرزبوونەوەی خراپە دیاریکردووە ،کە ئاماژەن بۆ ویستی خراپە (١) (لاوازی - frailty): کەسانێک بە ویستێکی لاوازەوە ، کاتێک هەوڵی ئەنجامدانی ئەو کردەوانە دەدەن کە لە رووی ڕەوشتییەوە دروستن ، بەڵام لەوە لاوازترن بتوانن تا کۆتایی درێژە بەم ڕێچکەکەیان بدەن ، لە بری ئەوە بەهۆی لاوازی ویستەکانیان بە کردەوەی هەڵە کۆتایی پێدێنن . (٢) (ناپاکی- impure): ئەو کەسانەی خاوەن ویستێکی خراپن ، هەوڵی بەجێگەیاندنی کردەوەی ڕەوشتی دروست نادەن تەنیا لەبەر ئەوەی کە ئەم کردەوانە لە رووی ڕەوشتییەوە دروستن ، بەڵکو ئەنجامدانی ئەم کردەوانەیان بە شێوەیەکی هەندەکییە ، بەشێکی لەبەرئەوەیە کە لە رووی ڕەوشتییەوە دورستن، بەشەکەکی تری بەهۆی هەندێ پاڵنەری ترە بۆ نموونە وەک بەرژەوەندی تایبەت و کەسی . بەواتایەکی تر ئەو کەسانەی کردەوەی ڕەوشتی دروست ئەنجامدەدەن تەنیا بەشێکی لەبەر هۆکارێکی دروستە . هەروەها کانت ئەم جۆرەی لە یەکەم پێ خراپترە ئەگەرچی لە جۆری یەکەم کەسەکە کردەوەیەکی هەڵە دەکات و لەمەشیان کردەوەیەکی دروست . ئەمەش لەبەر ئەوەی کەسی ناپاک ڕێگەی بە پاڵنەرێکی(هاندەرێکی) تر داوە ، جگە لە یاسای ڕەوشتی بۆ ئاراستەکردنی کردەوەکانی ، لەکاتێکدا کەسی لاواز هەوڵی ئەنجامدانی کردەوە راستەکە دەدات بە هۆکارێکی راست ، بەڵام سەرکەوتوو نابێت .(٣) (لادان یان خراپەکاری – perversity, or wickedness): لەم جۆرە کەسی لادەر بە ویستێکی خراپ و بە پێچەوانەی بەدوایەکداهاتنی شیاوی پاڵنەرەکان ، ڕیزبەندی دروستی پاڵنەرەکان ئاوەژوودەکاتەوە . لەبری پێشینەدان بە یاسای ڕەوشتی بەسەر سەرجەم پاڵنەرەکانی تر ، بۆ وێنە خۆشەویستی خود دەخاتە پێش یاسای ڕەوشتی ، بەم شێوەیە هیچ کام لە رەفتارەکانی لەگەڵ یاسای ڕەوشتی نایەنەوە تەنیا مەگەر لەوکاتانە نەبێت کە لەگەڵ بەرژەوەندی خودی خۆی یەکانگیربێت . بۆیە کەسی لادەر پێویست ناکات هیچ هەڵەیەک بکات ، کاتێک کردەوەکان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی یەکدەگرنەوە وهاوتەریبی یاسا ڕەوشتییەکانن . لەبەر ئەوەی هۆکاری پشت بەجێگەیاندنی کردەوە ڕەوشتییە ڕاستەکانی خوشویستنی خودییە ، نەک لەبەر ئەوەی ئەم کردەوانە لە رووی ڕەوشتییەوە دروستن ، ئەوە هیچ بەهایەکی ڕەوشتیان نییە ، هەر ئەمەشە وای لە کانت کردووە کە ویستی ئەو کەسە بە خراپترین جۆری خراپەی بەردەست لە مرۆڤ دابنێت ، ئەو کەسانەی ویستی خراپەیان هەیە بە کەسانی (evil person) دادەنێت[25]

زۆرینەی تیۆردارێژەرانی سەردەم ئەم تێروانینەی کانت رەتدەکەنەوە ، کە پێشخستنی بەرژەوەندی تایبەت بەسەر یاسای ڕەوشتی بە خراپترین جۆری خراپە داناوە ، چونکە ناساندنی کەسێک بە خراپەکار دەوەستێە سەر کۆمەڵێک هۆکارو پاڵنەر و ئەو زیانانەی کردەوەکان دروستی دەکەن ، نەک تەنیا بەپێشخستنی بەرژەوەندی خودی . بۆ نموونە ئازاردانی کەسێک لە پێناو چێژێکی سادی زۆر خراپترە لە وتنی ڕاستی بۆ بەدەستهێنانی ناوبانگێکی باش ، لە ڕاستیدا زۆر ماقوڵە کە گریمانەی ئەوە بکەین کردەوەی یەکەم (ئازاردانی سادی) ئاماژەیە بۆ ویستی خراپە ، لەکاتێکدا کردەوەی دووەم ( وتنی ڕاستی لە پێناو بەرژەوەندی خودی) ، ئاماژەیە بۆ تەنیا ویستێکی دوور لە چاکەی ڕەوشتی . بەڵام لای کانت هەردوو کردەوەکە دەخاتە یەک تای تەرازوو ، بەهەمان ڕاددە دەرخەروپیشاندەری ویستی خراپەن .

یەکێکی تر لەو بانگەشانەی کانت کە جێگای مشتومڕی زۆرە لەبارەی خراپە ، بریتییە لەوەی کە خراپەی ڕیشەیی لە سروشتی مرۆڤایەتی بوونی هەیە . بەو واتایەی کە هەموو مرۆڤێک ئارەزووی ملکەچپێکردنی یاسای ڕەوشتیان هەیە لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان . ئەم مەیلەش خۆزایە لە سروشتی مرۆڤایەتی واتە ناتوانرێت بەشێوەیەکی ڕەها لێی جیابکرێتەوە . کانت لەو باوەڕەدایە کە ئێمە بەرپرسین لە ئاراستەکردنی ئەم مەیلە بەرەو خراپە .( Richard Bernstein) لەم بارەوە رەخنە لە کانت دەگرێت ، بەوەی کە کانت بە لۆژیکێکی یەکگرتوو ناتوانێت هەردوو بیردۆزەکەی هەڵبگرێت ، چونکە ناکرێ ئێمە بەرپرسیاربین لە ئارەزوویەکی خۆرسک تێماندا ، کە نەتوانین خۆمانی لێ دەرباز بکەین.

[25] https://plato.stanford.edu/archives/sum2020/entries/concept-evil

سەرەرای ئەو رەخنانەی لە کانت دەگیرێن ، بەڵام هەندێ فەیلەسووف گفتوگۆیان لەبارەی ئەوە کردووە کە بیرۆکەکانی کانت لە بارەی خراپەی ریشەیی ، پێشبینییەکی پڕ بایەخمان لە بارەی سروشتی خراپە پێشکەشدەکەن ، هەروەک (Paul Formosa) ئەوە دەخاتە روو کە تێڕوانینەکانی کانت لەبارەی خراپەی ریشەیی سەرنجمان بۆ ئەو ڕاستییە ڕادەکێشێت ، کە تەنانەت باشترینیشمان دەکرێ بگەرێتەوە بۆ خراپە ، بەم شێوەیە پێویستە بەردەوام بەئاگابین لەدژی خراپەی ریشەیی سروشتیمان -خۆرسکیمان[26] کانت پێی وایە ویستی چاکە تاکە شتە دەکرێ لە خودیدا چاک بێت ، چونکە باشییەکەی لەو مەبەستە بەدەستنەهێناوە کە بەجێی دەگەیەنێت یان ئەو ئامانجانەی کار لە پێناویاندا دەکا ، بەڵکو چاکەکە لە ناخی خۆیدا وەردەگرێ بەو ئیعتیبارەی مەرجێکی پێویستی شاراوەیە بۆ هەموو ئاکارێک ( عبده ١٩٩٩: ٦٢) ئەمەش لەبەر ئەوەی ویستی ئەنجامدانی هەر کارێک ئامانجە نەک ئامرازێک بێت کە هەمان شت بۆ خراپەش ڕاستە .

**(٢/١-٢-٢-٢) نیچە (١٨٤٤-١٩٠٠ز):**

توێژینەوە لەبارەی پەرەسەندنی پەیڕەو بڕیارە رەوشتییەکان دەکەونە چەقی توێژینەوەکانی نیچە(Friedrich Nietzsche)، وەک دیارترین گومانگەرا لە خراپە ، پێی وایە بەهۆی مەترسی چەمکی خراپە پێویستە خۆمانی لێدەرباز بکەین ، بەڵام ئەو هۆکارانەی نیچە لەبارەیانەوە دەدوێت جیاوازن لەو هۆکارانەی پێشتر باسمانکردن ، نیچە مەترسی خراپە بۆ کاریگەرییە نەرێنییەکەی لەسەر توانا و چالاکییەکانی مرۆڤ دەگەرێنێتەوە ، ئەمەش لە رێگای چاندن و برەودان بە لاوازی گیان و سەرکوتکردنی تواناکان ، هەروەها پێی وایە چەمکی خراپە لە هەستی ئێرەیی بردنی نەرێنی و ڕک و بێزاری و جارسی سەرهەڵدەدات ، بۆ ئەمەش وشەی فەرەنسی (ressentiment) ، بەکاردێنێت کە رەنگدانەوەی ڕەفتارێکە هەموو ئەو واتایانە دەبەخشێت کە خراپە لە تێڕوانینی چەوساوەو کەمتواناکان سەریهەڵداوە بۆ تۆڵەکردنەوە لە چەوسێنەرانیان. ئەمەش بەتایبەتی لە کتێبەکانی ( لەپشت چاکەو خراپە - Beyond Good and Evil) لە ساڵی (١٨٨٦) و بەتایبەتتر (لە جینالۆجیای رەوشت - (On the Genealogy of Morality) لەساڵی (١٨٨٧) خراوەتەڕوو . کە بە گوێرەی بۆچوونی کارد ئەم هێرشانەی نیچە بۆ سەر خراپە هانی فەیلەسووفەکانی دا کە سروشتی خراپە و واتا رەوشتییەکانی پشتگوێ بخەن لە بری ئەوە تیشکیان خستۆتە سەر ئەو پاڵنەرانەی وا لە خەڵکی دەکەن خراپە ئەنجامبدەن[27] .

لەکتێبی رەگەزناسی رەوشت ، کە بەشێوەیەکی گشتی بەدواداچوونێکی گومانایوە بۆ رەوشت ، نەک تەنیا خراپە کە چەمکی خراپە چەمکێکی بنەڕەتی و جێکێشەیە و بە هۆکاری شەرانگێزیی و درندەیی سەرهەڵدەدەن و بڕیارەکانی خراپە لە ڕوانگەی تاوانلێکراوەوە دەردەچن ، گومان دەخاتە سەر چەمکی خراپە ، کاتێک دژی خراپە بێت ،کەواتە دوو جۆر چاکە جیادەکاتەوە کە یەکێکیان پێچەوانەی خراپەیە ، هەروەها ئەو هەڵسەنگاندنە نەرێنییە رەتدەکاتەوە کە بۆماوەی ٢٠٠٠ساڵ لە ئەوروپا بۆ خراپە خرابووە ڕوو . (card2002:.28-29)

لەسەر ئەم بنەمایانە خراپە بۆ دوو پۆل دابەشکراوە خراپەی سروشتی و خراپەی رەوشتی ، کە ئەم جیاکردنەوەیە وەک پێوەر تاڕادەییەکی زۆر لە ئەدەبیاتی فەلسەفی سەردەم بەپەسەند دادەنرێت ، خراپە سروشتییەکان خۆی دەبینێتەوە لەو زیانانەی کە هیچ پەیوەندییەکی بەمرۆڤەوە نییە[28] واتە لە شێوەی ڕووداوە سروشتییەکانی وەک گەردەلوول و بوومەلەرزە ، تەنانەن هەندێ نەخۆشی وەک شێرپەنجەو ڕاوکردنی ئاژەڵێک لەلایەن ئاژەڵێکی تر، کە ئەم جۆرانە لە رووی رەوشتییەوە هیچ خراپەو هەڵەیەک لەخۆیان هەڵناگرن . هەرچی خراپەی رەوشتییە لەو هەڵانە خۆی دەنوێنێت ، کە لە خودی مرۆڤەوە دەردەچن – نەک هێزێکی باڵاتر لە خۆی ، یان هێزێک توانای مرۆڤ لەبەرانبەریدا دەستەوەستان بێت ، کە هەموو ئەو هەڵەو رەفتارانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ ئەنجامیان دەدا و لێکەوتەی خراپ و مەترسی گەورەیان هەیە . بۆیە بەگوێرەی ئەم تێڕوانینە پێویستە چەمکی خراپە تەنیا لە چوارچێوەی بازنەی مرۆڤ کورتبکرێتەوە ، بەم شێوەیە وەک دەبینین بە واتایەکی تەسک مامەڵە لەگەڵ خراپە دەکرێت ، نەک بە واتا فراوانەکەی هەر وەک لە تێڕوانینی ئەنتۆلۆژییەکان ، واتە هەوڵنادات شرۆڤەی هەموو ئەو شتانە بکات ، کە مرۆڤ ئازاردەدەن و بە خراپیان دابنێت ، بەڵکو چەمکەکە کورت دەبێتەوە لە هەر شتێک سەرکۆنەکردنی رەوشتی لە خۆ دەگرێت و لە ویستی مرۆڤی ئازادەوە دەردەچێت . وەکاتێک مرۆڤ تاکە دروستکراوی رەوشتی بێت ، ئەوا چەمکی خراپە تەنیا لەو کردەوە هەڵانە کورت دەبێتەوە کە


---

26 Ibid

27Ibid

28 لە رۆژگاری ئەمرۆ مرۆڤ بە شێوەی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە رێگای پیسکردنی ژینگەوە دەستی هەیە لە تێکدانی سروشت و زۆربوونی رووداوە سروشتییەکان ، کە دواجار هەموو ئەمانە دەبنە هۆی مردنی مرۆڤەکان بە شێوازی جۆراوجۆر.

مرۆڤ ئەنجامیاندەدا . مرۆڤیش تاکە دروستکراوە کە خاوەنی ئامرازێکی وەک زمانە  کە توانای دروستکردنی خراپەی هەیە . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ( الشریف ٢٠٢٠: ٣٠٠)




کاتێک دێینە سەر خراپە بەواتا تەسکەکەی ، دەبینین دابەشکردنی تر بۆ خراپە خراوەتە ڕوو ، واتە ئەرگەرچی لە هەموو بارودۆخەکان خراپە وەک هێزێکی نەرێنی سەیرکراوە ، بەڵام بە گوێرەی کات و سەردەمەکان گۆرانی بەسەردا دێت و شێوەی جۆراوجۆر وەردەگرن ، هەندێک کردەوە لەسەردەمێکدا ئاسایی سەیرکراون کەچی لەکاتی ئێستادا بە پێچەوانە مامەڵەی لەگەڵدەکرێت . بۆ وێنە لێدانی جەستەیی لەپاڵ شێوەکانی تری ئازاردانی دەروونی لە ناوەندەکانی خوێندن سەردەمانێک باوبووە واتە بە خراپ دانەنراوە . بەڵام دوای هەستکردن بە زیانەکانی  ئازاردانی جەستەیی قەدەغەکرا ، بەڵام شێوەکانی تری ئازاردانی دەروونی وەک خۆیان مانەوە ، ڕەنگە بە شێوەیەکی بەرچاوتریش بەکارهاتبن ، بەڵام لەبەر ئەوەی شوێنەواری بەرجەستە جێناهێڵن بۆیە زیانەکانیان لەبەرچاو نەگیراوە ، هەر لەبەر ئەمەش خراپ بەکارهێنانی زمان بەو شێوەیە سەیر نەکراوە بۆیەش قەدەغە نەکراوە ، بەڵام بەگوێرەی تێڕوانینی ئەمرۆ کاتێک بە چاوێکی زانیستیانە زیانەکانی ئەم جۆرەی خراپە لەسەر داهاتووی تاک دەخرێتە ڕوو ، بەراورد بە ئازاری جەستەیی کاتێک زیانەکانی زۆر مەترسیدارترو ترسناکتر دەربکەوێت ناکرێ وەک رابردوو مامەڵەی لەگەڵ بکرێت . کەواتە لەبەر ئەوەی خراپە بە گوێرەی بارودۆخ و کات و سەردەمەکان گۆرانی بەسەردادێت و شێوەی جۆراوجۆر وەردەگرێت و لە شێوەو ڕواڵەتی جیاواز دەردەکەوێت . تێڕوانینی کاردبۆ دینامیکیەتی خراپە لە جیاکردنەوەی بۆ دوو جۆر لە خراپە گەڵاڵە دەبێت .

١- خراپەی بنەڕەتی (basic evils): تیۆری خراپەی بنەڕەتی لە تیۆرەکەی (راوڵز-Rawls) ، بۆ(باشەی بنەڕەتی- primary goods) ، کە بەو شێوە ناساندوویەتی کە هەموو کەسێک لە پلەی یەکەم هەوڵی  بەدەستهێنانی دەدەن ، لەسەر ئەو بنەمایە کارد  خراپەی بنەڕەتی بە هەموو ئەو شتانە داناوە کە هەموو کەسێک خۆیان لێبەدووردەگرن ، یان ئەو کردەوانەن لە هیچ بارودۆخێکدا نابێت ڕووبدەن و هیچ کەسێک بەدەستیانەوە بناڵێنێت . بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی چی بەسەر هەرتاک یان کۆمەڵێک دەهێنێت . کە ئەم جۆرە خراپەیە لە چاوی هەموو کۆمەڵگاکان بە خراپەی مەترسیدار دادەنرێن . وەک ( دەستدرێژی ، کۆمەڵکوژی ،...) ( card2002:17) .

٢- خراپەی ئاسایی :  ئەمجۆرە خراپەیە لە رووی چەندییەوە لە جۆری یەکەم جیاواز نییە ، بەڵکو لە ڕووی چۆنییەوە . هەرچەند ڕەنگە هەندێ خراپە لە چەرخ و سەردەمێکی دیاریکراو بە خراپەیەکی ئاسایی دانرابێت ، لەگەڵ تێپەرینی کات ڕەنگە ببێتە خراپەیەکی بنەڕەتی بە پێچەوانەشەوە . بۆیە هێڵی جیاکەرەوەی نێوان ئەم دوو جۆرە خراپەیە یەکلاکەرەوە نییە ، وەک ئەوەی کارد دەڵێت ئەوەی ئەمرۆ بە خراپەیەکی ئاسایی سەیر دەکرێ ، دەکرێ بەیانی ببێتە خراپەیەکی بنەڕەتی بۆ نموونە لەسەردەمی ئەفلاتۆن کۆیلایەتی خراپەیەکی بنەڕەتی نەبووە ، خودی ئەفلاتۆن دژی نەبووە ، بەڵکو پاساوی بۆ هێناوەتەوە ، بە هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری . بەڵام لە رۆژگاری ئێستا کۆیلایەتی خراپەیەکی بنەڕەتییە ، پێچەوانەش راستە. ئەوەی لە تێڕوانینی دیاریکراوی ڕەوشتی و ئایینی لە سەردەمانی کۆن بە خراپەیەکی بنەڕەتی دانراوە وەک ( خۆکوشتن) لە کاتی ترو لە کۆمەڵگای تری دیاریکراو بە خراپەی ئاسایی دانراوە (الشریف ٢٠٢٠: ٣٠٠) . بۆیە خراپە بەگوێرەی بابەت و سیاق و تایبەتمەندی مێژوویی و کەلتووری کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکان گۆڕاوە و دەگۆڕێت، دەکرێ بڵێین ئەوەی لە کۆندا دایک وباوکان دەیانگوتە مامۆستا "گۆشتی بۆ تۆ و ئێسکی بۆ ئێمە" تەواو ئاوەژوو بۆتەوە بە شێوەیەکی گشتی ئەمرۆ ڕەنگە لە ئاست قسەگوتنێکی بچووکیش بە منداڵەکانیان بێدەنگ نەبن .

**(٢/١-٢-٢-٣) حەنا ئارێنت (١٩٠٦-١٩٧٥ز) :**

شرۆڤە سیکۆلارە بەرتەسکەکانی خراپە لە سەدەی بیستەم بەکارەکانی (حەنا ئارێنت-Hanna Arendt) دەستپێدەکەن ، هەرچەند ئارێنت لە کتێبی (ڕیشەی تۆتالیتاریزم-Origins of Totalitarianism ) دەستەواژەی (خراپەی ڕیشەیی-radical evil) لە کانت

وەرگرتووە بۆ وەسفکردنی خراپەی هۆلۆکۆست ، بەڵام بەو واتایەی کانت بەکارینەهێناوە ، لە بری ئەوە ئارێنت زاراوەکە وەک ئاماژە بۆ شێوەیەکی نوێ لە کردەوەی هەڵە بەکاردێنێت ، کە ناتوانرێت لە ڕێگای چەمکە ڕەوشتییەکانی تر گوزارشتی لێ بکرێت . چەمکی خراپەی ڕیشەیی لای ئارێنت گۆڕینی مرۆڤ بۆ ئادەمیزادی ناپێویستیش لە خۆ دەگرێت. ئەمەش ئەوکاتە ڕوودەدات کاتێک مرۆڤ دەگۆڕدرێت بۆ لاشەیەکی زیندوو ، کە بەدەست نەبوونی پاڵنەرێکی خۆڕسک و سەربەخۆییەوە دەناڵێنن . بەتێروانینی ئارێنت دووفاقیەکی زۆر لە ئەنجامدانی توندوتیژی دەبینرێ ، بەدرێژایی مێژوو سەرکۆنەکردنی توندوتیژی ڕێگرنەبووە لە ڕوودانی ، سەرەرای ئەوەی هیچ کەس پاڵپشتی لێناکات ،بەڵام کۆتایی پێ نایەت و هەر بەردەوامە. ( غابري ٢٠١٦: ٣)

**(٢/١-٢-٢-٤) تیۆرە هاوچەرخەکان لە بارەی خراپە :**

لە ژێر کاریگەری کارەکانی ئارێنت و بەهۆی ئەو ناڕازیبوونەی بۆ شرۆڤەی خراپە کراوە لە مێژووی فەلسەفە ، زۆرێک لە تیۆردانەران ، لە هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە هەوڵیاندا مەرجە پێویستەکان و سنوری خراپە دیاری بکەن . کە هەندێکیان تیشکیان خستبووە سەر (سیفەتی خراپە –Evil Character) و هەندێکی تر (کەسایەتی خراپ -Evil Personhood ) وەک چەمکێکی ڕیشەیی بۆ خراپە[29]، ئەم تیۆردانەرانە چەمکی (کردەوەی خراپە -Evil action) بەو شێوەیە دەناسێنن ، کە ئەو جۆرەکردەوەیە کە کەسی خراپ (Evil person)پێی هەڵدەستێ . بەڵام زۆرێکی تر لە تیۆردانەران لەو باوەڕەدان کە چەمکی (کردەوەی خراپە - evil action) بریتییە لە چەمکی ڕیشەیی خراپە[30] ، (کەسایەتی خراپ-Evil personhood ) بەو شێوەیە دەناسێنن کە کردەوەی خراپ ئەنجامدەدا یان ئارەزووی ئەنجامدانی دەکات . هەندێ لەو بیرمەندانەی کردەوەی خراپ ، بە چەمکی ڕیشەیی خراپە دادەنێن پێیان وایە کە تەنیا یەک یان دوو توخمی بنچینەیی پێویستن بۆ کردەوەی خراپە ، لەکاتێکدا بەشێکی تر لەو باوەڕەن کە کردەوەی خراپە ژمارەیەکی زۆر لە پێکهاتەی بنچینەیی و تایبەتمەندی جۆراوجۆری هەیە . وەک

**أ- خراپەو کردەوەی هەڵە (Evil and Wrongdoing):**

زۆرێک لە فەیلەسووفەکان[31] لەو باوەڕەدان کە هەڵە (Wrongdoing) ڕەگەزێکی بنەڕەتی و ڕیشەیی هەر کردەوەیەکی خراپە ، کەواتە بۆ ئەوەی بڵێین کردەوەیەک خراپە یان بیخەینە چوارچێوەی خراپەوە ، بەلایەنی کەمەوە پێویستە کردەوەکە هەڵە بێت .

**ب- خراپەو زیان (Evil and Harm):**

زیاد لە بیرمەندێک32 لەوانەی لە بارەی چەمکی خراپەیان نووسیوە ، لەو باوەڕەدان کە پێویستە کردەوەی خراپە ببێتە هۆی زیان ، واتە ڕێگە بە ڕوودانی زیانێکی ئاشکرا و ڕوون بدات، بەلایەنی کەمەوە بەسەر قوربانییەک .

**ت - خراپەو کاریگەری (Evil and Affect):**

هەندێ لە بیرمەندان لەو باوەڕەدان ، لە کاتی ئەنجامدانی کردەوەی خراپە پێویستە بە ڕێگایەکی دیاریکراو هەستێکی دیاریکراومان هەبێت . بۆ وێنە (لۆرانس تۆماس) لەو باروەڕەدایە کە خراپەکاران خۆشی لە ئازارەکان دەبینن ، یان هەست بە ڕق دەکەن بەرابنەر قوربانییەکانیان ، (Steiner) بۆ دوورتر لەمە دەچێت ، بە دووپاتکردنەوەی ئەوەی کە خراپە تەنیا دوو رەگەزی هەیە ئەوانیش (چێژ و هەڵە) ن ، بۆیە کردەوەی خراپە کردەوەی هەڵەی چێژبەخشن بۆ ئەو کەسانەی ئەنجامی دەدەن [33] .

**ج - خراپە و بەرپرسیارێتی (Evil and Responsibility):**

بەشێوەیەکی گشتی بەرپرسیاریەتی هەڵگرتنی ڕەوشتی کردەوەی خراپە لە لایەن کەسی خراپەکار یان بکەری خراپەوە پەسەندکراوە ، ئەگەرچی زۆرجار هەندێ دیاردەی سروشتی و هەندێ ئاژەڵ دەتوانن زیانی گەورە بنێنەوە ، بەڵام لەبەرئەوەی (کەسایەتی بکەری ڕەوشتیان نییە -Moral agent) ، بۆیە بە بکەری خراپە دانانرێن ، واتە بەرپرسیاریەتی ڕەوشتی کردەوەی خراپیان ناخرێتە پاڵ . ئەم مەرجانە لە سێ حاڵەت دەردەکەن (١) ئەم کەسانەن کە هەڵگری جۆرێک لە نەخۆشی یان شلەژانی دەروونین(٢) پەروەردەی خراپ (Bad Upbringings): لەبەر ئەوەی ئێمە خۆمان ئەو ژینگە هەڵنابژێرین کەتێیدا پەروەردە دەبین ، بۆیە پێویست ناکات

[29] بۆ وێنە هەر یەک لە (Singer, M.G., 2004, "The Concept of Evil " Philosophy.P190)و (Haybron2002, "Moral Monsters and Saints.P280,) و (Perrett, R.W., 2002, "Evil and Human Nature'',P.304-305) .

[30] بۆ وێنە هەریەک لە (Russell, 2014, Evil: A Philosophical Investigation,P.31-34) و (Kekes, J, 2005, The Roots of Evil,P.2,) و ( Garrard, E., 1998, "The Nature of Evil",P.44) و (Thomas, L.993, ''Vessels of Evil'',P.74082,) .

[31] هەریەک لە (Card 2002, Garrard 1999, Formosa 2008) ئەوەیان دووپاتکردۆتەوە .

[32] بۆ وێنە هەر یەک لە (Card 2002; Kekes 2005; Calder 2013; Formosa 2013)

[33] https://plato.stanford.edu/archives/sum2020/entries/concept-evil/

بەرپرسیاریەتی ئەو تاوانانەمان هەڵگرین کە بەرهەمی پەروەردەکرنمانە (٣) نەزانی (Ignorance): بیرمەندان هەر لە سەردەمی ئەرستۆوە دانیان بەوە ناوە ، کە نەزانی تاکە پاساوێکی ڕەوایە بۆ چاوپۆشیکردن یان لێخۆشبوون لەکاتی زیانگەیاندنێکی بێ هۆ ، کاتێک بەرپرس نابین بەرانبەر نەزانییمان ، بە دەربڕینێکی تر کاتێک نەزانینەکە شایەنی سزادان (لۆمەکردن) نەبێت .

**(١/٢) تێڕوانینی فەلسەفیی کارد بۆ خراپە :**

فەیلەسووفی ئەمەریکی (کلاودیا کارد-Claudia card[34] ) هەوڵیداوە ، تیۆرێکی فەلسەفی بە شێوەیەکی گشتی لەبارەی خراپەو خراپەی سیاسی بەشێوەیەکی تایبەت دابڕێژێت . ئەم تیۆرە لەسەر بنەمای دانانی خراپە بە ( شێوازیکی وجودی) لە کردەوەی مرۆیی ، لەلایەک و لێکدانەوەی ڕەنگدانەوەی خراپە لەسەر ژیانی مرۆڤایەتی دەخاتەڕوو . نەک شیکردنەوەو دەرخستنی نا ڕەوشتیانەی لە لایەکی تر. کارد لەسەرەتاوە هەوڵیداوە کەموکوڕییەکانی چارەسەرە میتافیزیکی /ئیۆلۆجییکەکان و ڕەوشتییەکانی تایبەت بە خراپە بخاتەڕوو ، پاشان داڕشتنی چەمکێک بۆ خراپە کە جەختدەکاتەوە سەر خراپە وەک کردەوەیەکی مرۆیی و پیشاندانی کاریگەرییە نەرێنییەکانی . کارد ئاماژە بۆ بوونی دوو تێڕوانینی کاریگەرو پەرگر لە بارەی خراپە لە مێژووی فەلسەفەی ڕەوشتی پێش خۆی دەکات ، ئەوانیش تێڕوانینی (سوودگەرایی(النفعیة)- Utilitarianism) و (داڵانییەکان-Stoicism)، کە تیۆرەکەی خۆی دەکەوێتە نێوان ئەم دوو تیۆرە ، کە سوودگەراکان هەموو زیانێک بە خراپە لێکدەدەنەوە ، بەبێ ڕەچاوکردنی سەرچاوەکەی ، جەختیش دەکەنەوە سەر ئەوەی کە هەندێ خراپە پاساو هەڵدەگرن . هەرچی ڕواقییەکانن جەختدەکەنەوە سەر ویستی مرۆڤ ، کە هەموو خراپەیەک بۆ خواستی مرۆڤ بۆ خراپە دەگێڕنەوە ،ئەوەی کۆنترۆڵکردنی ویستی خراپە ئێدەپەرێنێت نە چاکەیەو نە خراپە . بۆیە ئەگەر زیانەکان لە دەرەوەی ویستی مرۆڤ بن ئەوا خراپە نین . کە تیۆرەکەی کارد لەم نێوانەدایە . کە تایبەتمەندییەکانی هەریەکەیان لەخۆ دەگرێت بەڵام بە شێوەیەکی دیاریکراوتر لە هەر یەکێکیان کە هەریەک لە زیان و هەڵە پێویستن بۆ خراپە ، بەڵام نەک هەموو زیان و هەڵەیەک بۆ ویستی خراپە . کارد پێی وایە کە ناکرێ هەڵە لە چوارچێوەی ئەو زیان و مەترسییەی دروستی دەکات پێناسەبکرێت ، کە ئەمەش بەشێوەیەکی گرنگ جیای دەکاتەوە لەتێڕوانینی سوودگەراکان . هەروەک چۆن ئەو زیانەی بە ڕێکەوت ڕوودەدات ناخاتە بازنەی خراپەوە ، کە ئەمەش لە ڕواقییەکان جیای دەکاتەوە ، بەمشێوەیە کارد تیۆرێکی ڕەوشتی فینۆمینۆلۆجی لە بارەی خراپە پێشکەشدەکات . ئەگەرچی لەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی سەرەکی بکەران و قوربانیانی خراپە تەنیا مرۆڤن، بەڵام لە واقیعدا تەنیا مرۆڤەکان قوربانی دەستی خراپە نین ، بەڵکو ژینگەو گیاندارانیش بەشێکن لەو قوربانیانە . ئەگەر چی تیۆرە فەلسەفییەکەی کارد لە بارەی تاوانە گەورەکانی خراپەکارییە ، وەک جەنگ و کۆمەڵکوژییە گەورەکان ، کە قوربانییەکان ڕەنگە بەهۆی ئەو زیانانەی بەریاندەکەوێت هەرگیز نەبنەوە بە مرۆڤی ئاسایی ، لە بارەی ئەو زیانانەی بەر قوربانیانی زمان دەکەوێت ، ڕەنگە لە هەندێ حاڵەت زۆر گەورەتر بێت لەوەی پێشبینی دەکرێت ، بۆ نموونە کاریگەرییە زۆر خراپەکانی لەسەر داهاتووی تاک و ئەنجامدانی ئەو تاوانانە بەرانبەر منداڵ بەتایبەتیش کاتێک ئەم خراپ بەکارهێنانی زمانە لە کەسانێکەوە ڕوودەدەن کە هەرگیز ئەو کارەیان لێ پێشبینی ناکرێت بە حوکمی ئەوەی کارەکەیان پێچەوانەی ئەوەیە کە بڕیارە ئەنجامی بدەن ، لێرەوە ڕادەی گەورەیی زیانەکان چەند هێندە دەکاتەوە.

**(١-١/٢) تێڕوانینی فینۆمینۆلۆجیی کارد بۆ وەسفی خراپە :**

لە هزری فەلسەفی ڕێبازی فینۆمینۆلۆجی ڕیبازێکی تاڕادەیەک نوێیە ، گرنگی بە توێژینەوەی بابەتیانەی دیارە هۆشەکییەکانی کردەوەی مرۆڤ دەدات .

ئەگەر لێکۆڵینەوە لەبارەی سروشتی نارەوشتی خراپە ، جێی گرنگیپێدانی ژمارەیەکی زۆر لە فەیلەسووفەکان بوو بێت ، بەڵام خودی چەمکەکە نەبۆتە جێگای هەمان گرنگی پێدان سەرەڕای ئەوەی هۆکاری زۆر هەن بۆ ئەوەی فەلسەفە گرنگی پێبدات . لێرەوە گرنگیپێدانی (کارد) دەچێتە چوارچێوەی هەوڵدان بۆ پێناسەکردنی خراپەو لێکدانەوەی ئەنجامەکانی ، هەروەک چۆن ئەوە ڕووندەکاتەوە کە لە چارەسەرکردنی خراپە جەخت ناکەنەوە سەر پرسی ڕەوابوون یان نەبوونی قوربانیانی خراپە ، هەروەک چۆن تیشک ناخاتە سەر بێتاوانی و تاوانباریان ، چونکە (ڕەوابوونی خراپە ) و ( گریمانەی بێتاوانبوون) ، دوو ڕەگەزی پێویست و بەس نین

[34] فەیلەسووفی ئەمەریکی خاتوو کلاودیا کارد (١٩٤٠-٢٠١٥ز) بۆ ماوەی ٤٠ ساڵ لە بواری فەلسەفە کاریکردووە ، کە لە توێژینەوەکانی بەکالۆریۆس تا دکتۆرا و لە چەندین وتارو خول و وتنەوەی فەلسەفەی کانت و شۆبنهاوەر و نیچەو فەلسەفەی ئایین ، لە هەموو ئەمانەش تیشکی خستۆتە سەر خراپە وەک کردەوەیەکی مرۆیی لەهەموو بوارەکان و بە تایبەتتر لە خراپەی ڕامیاری بڕوانە (The Artocity paradigmA theory of Evil) .

، تا هەژماری ئەو ئازارانەی پێ بکەین کە ڕووبەڕووی قوربانیانی خراپە دەبنەوە ، (١) پێویست نین ؛ چونکە ئەو کردەوە خراپەی مرۆڤ ئەنجامی دەدات هەر لەسەرەتاوە بێ تاوانی قوربانی لەبەرچاو ناگرن (٢) بەس نین ؛ چونکە ئەو لەوانەیە زیانەکان گەورە نەبن ، بۆیە ئەوکات کردەیەک لە کردەکانی خراپە نابین .

بەگوێرەی بۆچوونی کارد جۆرێک لە چوارچێوەڕێژکردنی چەسپاو بۆ چارەسەری خراپە لە ناو بازنەی (ئەنتۆثیۆلۆجی) هەیە ، ئەویش لە ڕێگەی بەستنەوەی بە پرسی بوونی خوا . ئەمەش زۆر ناماقوڵ و زۆر نالۆژیکی دەبێت کە خراپە ببەسترێتەوە بە هێزێکی باڵا ، چونکە خراپە لە بنەڕەتەوە پەیوەستە بە کردەوەی مرۆڤ بە تەنیا . لەلایەکی تر ، ئەگەر لەکاتی گفتوگۆکردن لە بارەی خراپە ، ڕەگەزی زیان گرنگ بێت ، ئەوا قسەکردن لە بارەی بکەرو ئەوانەی بوونەتە هۆی خراپە پێویستە تەنیا لە ئادەمیزاد کورت بکرێتەوە . لێرەوە دەتوانین بڵێین کە هۆکاری سەرەکی لە ناتەواوی لە زۆرینەی تێڕوانینە ثیۆلۆجی و سروشتییەکان دەگەڕێتەوە بۆ بەستنەوەی بە خواستی ئەنجامدانی خراپە لە لایەک و بوونی خوا لە لایەکی تر (یان قەتیسکردنی لە بوونی هێزێکی میتافیزیکی (دەرئاسا – سەروو سروشت) کە دەستدەخاتە شێوەپێدان و ڕێڕەوەکانی جیهان . کە ئەمە پاڵی بە کاردەوە نا دەرەنجامی ئەو تێڕوانینانە ڕەتبکاتەوە کە جەخت دەکەنەوە سەر دابەشبوونی گەردوون بەسەردوو هێزی چاکەو خراپە هەروەک لای مانەوییەکان و بە جۆرێک لە تێڕوانینی خەیاڵی وەسفی کردوون کە هەرگیز ناگەن بە کرۆکی خراپە . ئەم هۆکارانە پاڵیان بە کاردەوە نا بە ئاڕاستەی تێڕوانیی فینۆمینۆلۆجی هەنگاو بنێ ، کە خراپە دەگەڕێنێتەوە بۆ کردەوەی مرۆڤ بەتەنیا .

هەروەها کارد ، ڕەنگە لە ژێر کاریگەری "ئارێنت" و فەیلەسووفی فەرەنسی " پۆل ریکور" هەوڵی لێسەندنەوەی سروشتی ئەفسانەیی لە خراپە دەدەن (Demythologizing Evil)، بە دەربڕینێکی تر هەوڵی رزگارکردنی چارەسەری خراپە دەدات لە دەست هێزە غەیبی و سەروسروشتیی و ئەو هێزە تاریکانەی دەستیان بەسەرداگرتووە . یاخود هەوڵدەدات ئەو ئەفسانەیە تێکبشکێنێ کە برەو بەو بیرۆکە دەدەن کە ئەنجامدەری خراپە هێزێکی دڕندەیە ، جا ئەم هێزە گەردوونی بێت یان مرۆیی . کە ڕەگەزی ئادەمیزاد دابەشی سەر دوو هێز دەکەن چاکە (ئێمە) ، خراپە (ئەوان) (الشریف ٢٠٢٠: ٢٩٠-٢٩٢).

لە لایەکی تر ئەگەر کارد لە لایەک لێکچوون و لە لاکەی تر جیاوازی ببینێت لە پەی بردنمان بە خراپە ، ئەمە وای لێدەکات نزیکی بکاتەوە لە "نیچە" (١٨٤٤-١٩٠٠) ، کە پێی وایە هیچ خراپەیەک بوونی نییە ، ئەوەی هەیە بریتییە لە لێکدانەوەی ئەخلاقیمان بۆ خراپە . هەر ئەمەش وایلێکردووە خراپە وەک چەمکێکی کۆن وێنا بکات ، کە پێویستبێت جێبهێڵدرێ ، حوکمەکانی خراپە بە پێی مێژوو پەرەیانسەندووە ، تا تێڕوانینی تاکەکەسی دیاریکراو بەرجەستە بکات ، هەروەک دەڵێت (ئەوەی لەسەردەمێک لە سەردەمە نوێکان بەوشێوە تەماشاکراوە کە خراپە دەنوێنێت ، بە گەرانەوە بۆ چەرخی رابردووە بە چاکە هەژمارکراوە (چاکەی نواندووە)، ئەمەش وایکردووە هەر خراپەیەک زیندووکردنەوەی نموونەیەکی کۆن بێت) بەڵام جیاوازیەکی جەوهەری لە نێوان کاردو نیچە هەیە . کە کارد بەرگری لە گرنگی پێشکەشکردنی چەمکێکی دیاریکراو بۆ خراپە دەکات ، لەدژی ئەوانەی گوماندەخەنە سەر بوونی خراپە (-Evil skeptics)لە وێنەی نیچە .

بە گوێرەی بۆچوونی کارد شتێک نییە بە ناوی خراپە بەڵکو شتێک هەیە بەناوی توانای ئەنجامدانی کردەوەی خراپە ، واتە ناکرێ بڕیار لە کرەوەیەک بدەی کە ڕووینەدابێ بەم پێیە کردار لە چەقی تیۆرەکەیدایە ، هەرکاتێک هەرتاکێک ئەم کردەیەی نواند و زیانی بە دەوروبەری گەیاند ئەوکات دەکرێ ئەو شتە بە خراپە وەسفبکرێت ، ئەگەرچی ئەم بۆچوونەشی ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبێتەوە ، هەر یەک لە (clare chambers)و(Eric Russert Kraemer) وای دەبینن کە پێناسەکەی کارد کەموکوڕی تێدایە ، چونکە هەندێ لایەنی گرنگ و ئاشکرای خراپە لە خۆ ناگرێت و ڕەچاوی هەندێ خراپەی پێویستی نەکرووە (Necessary Evils) وەک جەنگ ، چونکە کاتێک جەنگ خراپە بێت – بەبێ ڕەچاوکردنی پاڵنەرو پێویستییەکانی – لەگەڵ ئەوەش ئەم خراپەیە هەندێ کات پێویستە ، هەموو جاریش خراپ نییە وەک کارد باسی دەکات ، هەروەک چۆن (ئەندرۆ هریهوروایش) دەڵێت پێناسەکە کێشەی تێدایە ، چونکە لە بنەڕەتەوە جەختدەکاتەوە سەر ڕەگەزی ئەو زیانەی بەر قوربانیان دەکەوێت ، زیاتر لە جەختکردنەوەی لەسەر ویستی خودی خراپە لە دژی بێتاوانەکان . بۆ وێنە کەسێک ویستی بۆمبێک لە یەکێک لە دامەزراوەکان بچێنێت ، لەبەر هەر هۆکارێک بێت سەرکەوتوو نەبوو ، هیچ زیانێکیش نەکەوتەوە وهیچ کەسیش ئەم بۆمبەی نەدۆزییەوە هیچ ترسێکیس لەناو خەڵکی بڵاوبوویەوە ، ئەم کەسە بە گوێرەی بۆچوونی کارد هیچ کردەوەیەکی خراپەی ئەنجام نەداوە . (المصدر السابق: ٣٠٢)

بەڵام وادیارە ڕەخنەی ئەمەی دواییان لە جێی خۆی نەبێت ، چونکە کارد لە چارەسەری بۆ کێشەی خراپە ڕەگەزی مەبەستداری پشتگوێ نەخستووە (مەبەستی خراپ) بەرپرسیاریەتی دەخاتە سەرشانی خاوەنەکەی ، ئەگەر کردەوەکەش ئەنجام نەدات و لە جێبەجێکردنی سەرکەوتوو نەبێت ، هەروەک دەڵێت " نیازی ئەشکەنجەدان ، کارێکی شەرانگێزە بە هۆی نیازەکەی ، ئەگەر کاری

ئەشكەنجەدانەكەش ڕوونەدات و پاڵنەرەكەش سادی نەبێت ، بەهەمان شێوە نیازی فرۆشتنی كاڵای خراپبوو كارێكی خراپە ، كارێكی بێ ویژدانانەیە ، تەنانەت لەو كاتانەش كە ئامانجیان كاری چاكە بێت " (card2002:20 ) .

**(٢-١/٢) واتای ڕێوشوێنی بۆ خراپە :**

كارد لە تیۆرەكەی بەشێوازێكی سادەو داڕشتنێكی كورت ، پێناسەی خراپە دەكات ( خراپە خۆی لەو زیانە گەورانە ، یان ئەو زیانانەی بەرگەگرتنیان لە توانا بەدەرە (ئەستەمە) و لە ئەنجامی هەڵەی مرۆڤ سەرهەڵدەدەن (بەرهەمدێن ، خۆیان دەنوێنێت) ، لێخۆشبوونیان بۆ نییە[35] .(Ibid:3) پێناسەكە جەخت دەكاتەوە سەر دوو بنەمای سەرەكی ئەوانیش زیان و هەڵەن ، كە پێویستە زیانەكە هەڵگری تایبەتمەندی (بەرگەنەگرتن[36]-Intolerable) بێت، هەڵەكەش (شایەنی سەرزەنشتكردن-Culpable) . بە ڕوانین لەم پێناسەی كارد بۆ خراپە ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت كە سەرەڕای سادەییەكەی بەڵام هەڵگری چەمكێكی گشتگیرو ڕوون و زۆر قووڵە بۆ چەمكی خراپە . كە كە لە ڕێگای هەبوونی ئەو ئەو زیانانە دیاریدەكرێت كە بەشێوەیەكی مەبەستدار لە هەڵەی مرۆڤ بەرانبەر مرۆڤی تر ئەنجامدەدرێن بەم شێوەیە كارد توانیویەتی وەسفی خراپە بكات . نەک شرۆڤەی خراپە و گێڕانەوەی بۆ سەرچاوە میتافیزیكییەكەی . كە لێرەوە سیماكانی ڕێبازە فەلسەفییەكەی سەرهەڵدەدات كە پشت بە فینۆمینۆلۆجیا دەبەستێت .

**(٣-١/٢) خراپە وەک تایبەتمەندییەكی مرۆیی :**

خراپە لە تێڕوانیی كارد كردەوەیەكە ، هەروەک كانت و ئارێنت بە تایبەتی و بوونگەراكان بە شێوەیەكی گشتی . "لە خواستی خراپی مرۆڤەوە سەرهەڵدەدات . دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە كەسانی تر، و پێشێلكردنی تەواویە(كمال) مرۆییەكانیان) (المصدر السابق٢٩٥-٢٩٧) خراپە بە كردەوەیەكی بەدەستهێنراو دادەنرێت لەو ژینگەی مرۆڤی تێدا دەژیت ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیستەمە كۆمەڵایەتی و سیاسییە خراپەی كە شكۆی مرۆڤ و ئازادییە سروشتیەكەی لێ سەندۆتەوە كارد ئەم واتایە بەم شێوەی خوارەوە ڕوون دەكاتەوە ( مرۆڤ خۆڕسكانە خراپەكارنین ، بەڵكو ئەم توانایەیان لە سایەی بارودۆخێكی دیاریكراو بەدەستهێناوە ، ڕەنگە لە دەرەوەی ویستی خۆیان بێت ) (ئێمە هەموومان خراپەكار نین تەنیا لەبەر ئەوەی مرۆڤین ، سەرەڕای ئەوەی زۆر لە ئێمە ئەم توانایە لە سایەی بارودۆخێک بەدەستدەهێنێت كە هەڵی نەبژاردووە ، كاتێک تۆ مرۆڤ بی ، پێویست ناكات ئەم جۆرە خواستانەت هەبێت ، بەڵام دەشكری كۆمەڵگای وا هەبن كە توانای چاندنی خوی خراپەیان هەبێت لەنێوان تاكەكانیان (card2002:23) بەو واتایەی سروشتی مرۆڤ لە خودی خۆیدا شەڕانگێزو خراپەكار نییە ، هەروەک چۆن سروشتێكی چاكەكارو ئاشتیخوازیش نییە ، بەڵكو پلەی تێكەڵ هەیە لە چاكەو خراپە لە سروشتی ئادەمیزاد .

**(٢/٢) تەوەری دووەم /تایبەتمەندی و سیما هاوبەشەكانی خراپە لای كارد :**

كارد لە هەوڵەكانی بۆ وەستان لەسەر جەوهەری خراپە ، وەک كردەیەكی بەرچاوی هەستپێكراو ، لە بوونی مرۆیی سەریهەڵدابێت هەوڵی داوە چەمكی خراپە لە چەمكەكانی تر جیا بكاتەوە ، بەوەی خاوەنی چوار سیمای بنەڕەتیە و پێی دەناسرێتەوە ، كە دوو بنەمای یەكەم سەرەكی و بنەڕەتین ، بنەمای دووەم (زیان) گرنگترین پێكهێنی تیۆرەكەیە .

**(١-٢/٢) ئەو هەڵەی لێخۆشبوونی بۆ نییە (inexcusable wrongdoing) :**

بە شێوەیەكی گشتی لە تیۆرەكەی كارد هەڵە لە چەمكی خراپە بەسەرچاوەی زیان دانراوە ، واتە بۆ ئەوەی كردەوەیەک بخرێتە خانەی خراپەوە سەرەتا پێش هەموو شتێک دەبێت هەڵەیەک لەخۆیدا هەڵبگرێت . "هەڵە" لە زماندا پێچەوانەی "ڕاستە " یان هەر كردەوەیەكە كە بە ئەنقەست ئەنجامنەدرابێت ، هەڵەش لە بریارو كردەوەو ڕەفتارو بۆچوونەكان ڕوودەدات [37] " هەڵە بەگەلێک شێوە پێناسە كراوە ، هەڵە كردەوەیەكی زیانبەخشی ناڕەوایە ، واتە پێچەوانەی یاسایە ، یان كەموكوڕی نواندنە لە پابەندییەكی پێشتر

[35] (evils are foreseeable intolerable harms produced by culpable wrongdoing) دەكرێ پێناسەكە لە دوو وشەكورت بكرێتەوە زیانێک هەڵگری تایبەتمەندی (بەرگەنەگرتن-intolerable)و(شایەنی سزادان -culpable)بێت .

36 مەبەست لەبەرگەنەگرتن ، زیانبەركەوتنە ، ئەگەرچی مرۆڤەكان وا پیشانبدەن كە بەرگەی زۆر جۆر خراپەی نابەرجەستە دەگرن ، بەڵام ڕەنگە كاریگەری زۆر خراپی نادیاری بەسەر جێهێشتبن كە هەستیان پێنەكردبێت . ئەگەرچی بەیەكێک لە خاڵە لاوازەكانی تیۆرەكە دادەنرێت ، چونكە توانای بەرگەگرتن خودییە .

[37] http://arab-ency.com.sy/Search/0/الخطأ/allwords/all

، یـان دەسـتدرێژییە بـۆ سـەر مـافی کەسـێک ، کە دەسـتدرێژیکار پەی بە لایەنی دەسـتدرێژییەکەی دەبـات . هەڵە بە گـوێرەی بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی نواندن " المسؤولیه التقصیریة " بریتییە لە کەمتەرخەمی نواندن لە پابەندبوونێکی یاسایی . (هلال ٢٠٠٩ :٤١) هەڵەش دەکـرێ بە دووجـۆر (١) هەڵەی بە ئەنقەسـت (٢) هەڵەی بـێ مەبەسـت . کە هەڵەی بە ئەنقەسـت ئەو جـۆرەیە کە لێخۆشـبوون نـایگرێتەوە ، دەیخـاتە خـانەی هەڵەی گەورەوە ، چـونکە کەمتەرخەمیـیە لە ئاسـت ئەرکێکـی یاسـایی بە مەبەسـتی زیانگەیاندن بە کەسێک .

"هەڵە"پێکهێنەرێکی بنەڕەتی خراپەیە ، واتا بۆ ئەوەی هەر کردەوەیەکـی دیـاریکراو خـراپ دەربکەوێـت ، پێویسـتە ئەم کـردەوەیە ڕێژەیەک لە هەڵە لە خۆبگرێت ، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە کە ئەو خراپەیە ئاماژە بێت بۆ هەموو کردەوەیەکـی هەڵە . بـۆ نمـوونە ناکرێ ڕەفتارێک بە خراپە دابنرێت ، کاتێـک مـرۆڤ بە هەڵە ئەنجـامی دەدات ئەگەر لەو باوەڕەدابێـت ئەوکـارەی ئەنجـامی دەدا لە خودیخۆیدا دروسـت و ڕاسـتەکەیە . بـۆیە کـارد ئەمە ڕوونـدەکاتەوە و دەڵێـت ئەگەر ئەوە ڕاسـتبێت ، کە هەمـوو هەڵەیەک کە بە شـێوەیەکی ئەنقەسـت ئەنجامـدرابێت بە کردەوەیەکـی خـراپە نەژمێردرێـت . ئەوا ڕەگەزی (تایبەتمەنـدی) ئەو هەڵەی بە خـراپە دادەنرێت و لە هەڵەکانی تر جیای دەکاتەوە بریتییە لەوەی هەڵەیەکی گەورەو بەرپرسانەیە . بەم شـێوەیە ئەو هەڵەی کە هاوشـانی خـراپەیە دەکەوێـتە بـازنەی سەرزەنشـتکردن/ شـیاوی سـزادان (culpable wrongdoing)دەبێـت ، بەو ئیعتیبـارەی مـرۆڤ دروستکراوێکی بکەری ئەخلاقییە ، تەنیا خۆی سەرچاوەی ئەو هەڵەیە کە ئەنجامیدەدا .(الشریف ٢٠٢٠: ٣٠٤)

**(٢-٢/٢) ئەو زیانەی ناتوانرێ بەرگەی بگیرێت (intolerable Harm):**

زیان لەپاش هەڵە وەک بنەمای دووەمی بەرپرسیاریەتی بە گرنگترین بنەما دادەنرێت لە تیـۆرەکەی کـارد ، لە سـەرچاوە یاسـاییەکان بەم شێوە پێناسەی زیان کراوە . ئەو زیانانەن بەر ماف یان بەرژەوەندی ڕەوای کەسێک دەکەوێت و دەکرێن بە زیانی مادی و زیانی مەعنەوی (هلال ٢٠٠٩ :٤٢) . ئەو زیانانەی تووشی مرۆڤ دەبنەوە زیاتر زیانی مەعنەوین و پێویستە دوو مەرجیان تێدا بێت (١) زیـانە مەعنەویەکە بۆ سەر مافە جێگیرەکانی مرۆڤ بێت (ئەم مافانە بە مافی سروشتی دەناسرێن) (٢) زیـانەکە بەر مـافی مەعـنەوی تـاک کەوتبێت کە (أ) هەندێ جار ئەم زیانە مەعنەویانە پەیوەستدەبن بە زیانێکی مادیش ، ئەوکات پێیان دەوترێ زیـانی تـێکەڵ . چـونکە زیانە مەعنەویەکە زیانی مادیشی لێدەکەوێتەوە (ب)ئەو زیانە مەعنەویانەی کە زیانی مادیان لێ ناکەوێتەوە . بەپێی سروشـتی زیـانی مەعنەوی دەکرێ بە جۆرێکی تریش دابەشبکرێت وەک (١) ئەو زیانە مەعنەویـیەی تـووشی جەسـتەی مـرۆڤ دەبێـتە وەک ئـازارەی بەهۆی بریندارکردن دروست دەبن (٢) ئەو زیانانەی تووشی شەرەف و ئیعتیبار و ناوبانگ و کەرامەتی مرۆڤ دەبنەوە وەک جنێو ، ئابڕووبردن ، ڕیسواکردن و ناوزڕاندن (٣) ئەو زیانەی تووشی هەست و سۆزی دەبێت وەک کوشتنی کەسێکی نزیکی تاوانلێکراو (٤) ئەو زیانەی مەعنەوییەی بەهۆی دەستدرێژی بۆسەر بەرژەوەندی تاک دروست دەبێت بێ ئەوەی زیانێکی مادی لێ بکەوێتەوە وەک دزینـی کـارێکی هـونەری یـان زانسـتی (فتاح ٢٠١٦ : ٥-٦) ، کە زمـان توانـای دورسـتکردنی زیـانی مەعـنەوی هەیە کە هەنـدێکیان سەردەکێشێت بۆ زیانی مادی و جەستەیی ، هەمووشیان پێکەوە (مادی ، مەعنەوی ، جەستەیی) .

زیان بەگوێرەی شیانی بۆ هاتنە ئارا دەبنە سێ جۆر (١) زیانێک کە ڕوویداوە (٢) زیانێک کە دڵنیاین لە ئایینده ڕوودەدات (٣) زیانێک ئەگەری هەیە لە داهـاتوو ڕووبـدات ، بەڵام لە ڕوودانی دڵنیـانین ، چـونکە هـیچ بەڵـگەیەک نیـیە ڕوودان و ڕوونەدانی بسـەلمێنێ (بوزیان ٢٠٢١ : ١٠٤٨) . بەگشتی ئەو زیانـانەی لەم تـوێژینەوەیە مەبەسـتن ئەو زیانـانەن کە لە ڕێـگەی زمـانەوە ڕەنـگە لە ئێسـتا و لە ئاییندەیەکی نزیک یان دوور کاریگەری نەرێنیان بەسەر تاک دەربکەوێت .

مەبەسـت لە بەرگە نەگـرتن خـراپە لەئێوانیشـان خـراپەی زمـان ئەوەیە ، ئەو زیـانەی دروسـت دەبێـت پێویسـتە مەترسـیداربێت و زیادەڕۆیی تێداکرابێت تا بتوانین ئەو ڕەفتارە بە خراپە هەژمار بکەین . بۆیە پێویستە ئەو تایبەتمەندییانەی تێدابێت :

١- زیانەکە بەشێوەیەکی گونجاو یان ماقوڵ هەستی پێ بکرێ یان پێشبینی بکرێت وبخەملێنرێت ،یان بنرخێنرێت . (appreciable).

٢- بکەرەکە ئەم کارە هەڵەی بە شێوەیەکی سووچدارو تاوانکارانە ئەنجامدابێت ، یان ڕێگەی لێنەگرێت و خراپتری بکات و خواستی بەردەوامبوونی هەبێت و بەرگری لەکارەکەی بکات ، بەم شێوەیە بەرپرسیاریەتی دەکەوێتە ئەستۆ .

٣- بێبەشکردنی تاک لە مەرج و پێوستییە بنەڕەتیەکانی ژیانێکی لێوەشاوەو پڕبەخشـش ، یـان ڕووبەڕووکـردنەوەی مەتـرسی گەورە وەک تێکشکاندنی تواناکانی تاک . بۆ نموونە کارد ئاماژە بۆ کوشتنی بێ ئازار دەکات بە شـێوەیەکی ڕەزامەنـدانە بـۆ ئەو نەخـۆش و بریندارانەی ناتوانرێ لە ئازارەکانیان کەم بکرێتەوە بە خراپەی دانانێت (ئەگەر هەندێ کەسیش لەو باوەڕەدابن هەڵەیە)، چونکە ئەو دەتوانێت بەشێوەیەکی شایستە بمرێت ،لە کاتێکدا بەرێکردنی ژیانێکی لێوەشاوە بەو ئـازارانەوە ئەسـتەمە ، بەڵام کوشـتنی دوور لە خواست و بێ ڕەزامەندی کەسێک کە هێشتا دەژی و دەتوانێ خواستی خۆی دەبڕێ خراپەیەکی گەورەیە ، چـونکە ئەو کەسـانەی کە

بەدەست سەربەخۆیی بڕیاڕدان دەناڵێنن ، لە سەرەتاییترین ماف بێبەشیان دەکەن کە ژیانێکی سادەیە . کەواتە ناکرێ هەر کردەوەیەکی هەڵە ، ببێتە هۆی زیانێکی دیاریکراو بخرێتە چوارچێوەی خراپەوە ، ناشکرێ بەیەک چاو لە خراپە و هەڵە بڕوانین و هاوتا تەماشایان بکەین ، واتە دەکرێ لە ڕووی واتاییەوە لە چوارچێوەی پەیوەندی بەش و گشتەوە جیایان بکەینەوە ، ئەو هەڵانە لەژێر خانەی (گشت) ڕوودەدەن ، لەکاتێکدا هەڵەی خراپە (بەش)ێکە لەو هەڵانە . بەواتایەکی تر هەموو خراپەیەک بە هەڵە دەژمێردرێت ، بەڵام هەموو کردەوەیەکی هەڵە خراپ نییە . بۆیە زیانی مەترسیدار لای کارد بە پێویستییەکی بنەڕەتی خراپە دادەنرێت یان بە واتایەکی تر ناکرێ بڵێین هەموو بژاردە هەڵەکان خراپن .

کارد چەمکی خراپە تەنیا لە زیانی ماددی قەتیس ناکا ، بەڵکو هەموو زیانێک دەگرێتەوە جا ماددی بێت یان مەعنەوی کە لەم توێژینەوەیە هەردووکیمان مەبەستە . لەلایەکی تر پێوانەی پلەی خراپە ، پێوانەیەکی (چەندێتی) نییە ، کە بتوانری بە هاوکێشەیەکی ماتماتیکی سادە هەژماربکرێ ، چونکە پێوانەی زیان گەلێ لایەن لە خۆدەگرێت ، کاتێک پێوانەی پلەی مەترسی کردەوەی خراپە (چۆنییەتی)بێت ، ئاماژە بۆ چەندین لایەن دەکرێ کە هیچ خاڵێکی هاوبەشیان لە نێواندا نییە و ناتوانرێ هەموو پێوانەکان بخرێنە چوارچێوەی حیسابی (چەندێتی) ، واتە ناتوانرێ بەشێوەیەکی چەندی هەموو فاکتەرەکان پێوانەبکرێن ، کە دیارترینیان لە سێ خاڵی یەکەمی ئەو فاکتەرانە دەردەکەوێت ، کە کارد وەک ئاماژە بۆ سەختی زیانەکان دیاریکردووە ، کە بریتیین لە (١) توندی ئازارچەشتنەکان (٢)کاریگەری لەسەر ژیانی تاک لە توانای بۆ ڕاپەراندنی ئەرکەکانی (توانای کارکردن) (٣) کاریگەری لەسەر کوالێتی و سروشتی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تر (٤) مەودا و چوارچێوەی لە خۆگرتنی(دەورەدانی) زیانەکان (٥)چۆنییەتی ئاوەژووکرنەوەو پێچەوانەکردنەوەی زیانەکان (٦)ئەگەرەکانی قەرەبووکردنەوەی زیانەکان (٧) ماوەی بەرگەگرتنی و ئەگەرەکانی درێژەکێشانی ڕەگەزی زیانەکە (٨) زانینی ژمارەی قوربانیان . لە کۆتاییدا باسی ڕێگایەکی تر دەکا بۆ دیاریکردنی پلەکانی خراپە ، ئەویش لە ڕێگای "رەهەندەکانی تاوانەکە" هەروەک چۆن لە دادگای تاوانەکان بەدیدەکرێت، هەروەک چۆن نەزانی و بێئاگایی و کەمتەرخەمی وسەرکێشی وفشارو زۆرلێکردن پلەیان هەیە ، بەڵام وەک (Charles Larmore) ئاماژەی بۆ دەکات ، نەبوونی پێوەری خراپە مانای ئەوە نییە نەتوانین بەراوردی نێوان دوو خراپە بکەین ، بۆ نموونە دەتوانین بریاربدەین لەسەر توندی و خراپی نێوان دوو سەرئێشە ، بێ ئەوەی بتواین لە ڕووی چەندێتییەوە پیشانی بدەین تا چ پلەیەک خراپترە (card2002:14-15) .

سەرەڕای ڕوونی ئەم لایەنانەی کە کار خستوویەتییە ڕوو ، بەڵام ئالیەتێکی یەکلاکەرەوە دانانێ ، کە بتوانرێ لە رێگەیەوە پێوانەی دەرهاوێشتە مەترسیدارەکانی خراپە بکرێت ، کە هەموو ئەو هۆکارانە باسیان دەکات تەنیا هۆکاری یارمەتیدەرن بۆ تێڕوانین لە پلەی خراپە ، کە ئەمە خاڵی لاوازی تیۆرەکەیەتی . بۆ نموونە چەمکی ( توانای بەرگەگرتن – Tolerability)، جەختدەکاتەوە سەر دوو پێکهاتەی (خودی) کە پەیوەندی بە ئازادی مرۆڤەوە هەیە لە رێکخستنی کاروبارە تایبەتەکانی ژیانی ، ئەوەی تر ( بابەتی)یە ، کە پەیوەندی بە بوونی کەمترین ڕاددەی ژیانێکی سەربەرزانەیە هەیە . (الشريف ٢٠٢٠: ٣٠٧).

**(٣-٢/٢) مەبەستداری (intentionality):**

بەگوێرەی تێڕوانیی کارد خراپە لە بنەڕەتەوە جۆرێک لە کردەوەی مەبەستدارە بۆ زیانگەیاندن بە خەڵکان ، بەشێوەیەکی ئەنقەست و بیانوو هەڵنەگر ، بۆیە لێرەوە پێویست دەکات خراپە قەتیس بکرێت لەو کردەوانەی کە جەخت لەسەر ڕەگەزی مەبەستداری دەکەنەوە لە زیانگەیاندن بە کەسانی تر . بەڵام ئەو کردەوانەی کە دەبنە هۆی زیانگەیاندن بە کەسانی تر ، تەنانەت ئەگەر زیانەکانیش گەورە بن ، بەڵام کاتێک بە نیازپاکی و نەزانییەوە ئەنجامدرابن ، ناکرێ بە خراپە وەسفبکرێن . کە ئەمە لەبەشەکانی تر زیاتر ڕووندەکەینەوە کە هەندێ لە خراپ بەکارهێنانەکانی زمان بۆ وێنە وەک درۆ بێ مەرجی مەبەستداری بۆ فێڵکردن هەرگیز ناکرێ بە درۆ یان خراپ دابنرێن . "دریدا" بەگوێرەی پێناسەی تەقلیدی درۆ تەنیا "حاڵەتێک" "state" یان "ڕووداوێک" "fact" ێک نییە بە واتا وردەکەی ، بەڵکو وێنەیەک لە وێنەکانی کردەی مەبەستدارە "Intentional Act " ئەمەش ڕاماندەکێشێ بۆ گوتنی ئەوەی شتێک نییە بەناوی درۆ بەڵکو " گوتن '' یان "واتا"یەکی تر هەیە پەیوەستە بە کردەی گوتن ناومانناوە درۆ ( الشريف ٢٠١٨ : ١٨٣) ، زۆرێک لە بەکارهێنانانەکانی زمان مەبەستدارانە بەکاردەبرێن بەتایبەتی لەنێوان ئەو کەسانەی دژایەتی یەک دەکەن ، ئابڕووبردن و لەکەدارکردن و هەڕەشە و ناوزڕاندن بە شێوەیەکی مەبەستدارانە ئەنجام دەدەن .

بەمشێوەیە مەبەستداری وەک ڕەگەزێکی بنەڕەتی و سەرەکی بۆ دیاریکردنی خراپە ، هەموو ئەو کردەوە خراپانە دەخاتە دەرەوەی خراپەوە ، کە بە نیازێکی خراپ ئەنجام نەدرابن ، دیاریکردنی مەبەستیش هەندێ جار کارێکی پرکێشەیە . ئەمە سەرەڕای ئەوەی کارد چارەسەری پرسی پاڵنەرەکانی ئەنجامدەرانی خراپەی نەکردووە ،چونکە کارەکەی لە بنەڕەتەوە بۆ وەسفکردنی ئەو کردەوانەیە کە دەبنە هۆی ئازار و کەمکردنەوەی ئەو ئازارانە یە ( الشريف ٢٠١٨ : ١٨٣) . بۆ نموونە کارد ئاماژە بۆ نموونەی دزێک دەکات کاتێک

جانتای ئافرەتێک دەدزێت ، کە تووشی نۆرەی دڵ دەبێت و دەمرێت ، یان رەنگە دەرمانەکانی کەسێکی تێدابێت کە هیچ لە بارەی گرنکی ئەم دەرمانانە نازانێت و دەبێتە هۆی گیان لەدەستدانی کەسەکە ،ئەگەر چی کردەوەکە تاوانکارانەیە ، بەڵام ناکرێ دزەکە بە بکوژ دابنرێت ، کە یاساش هەر بەم شێوەیە بڕیاردەدات . چونکە پێشبینی کردنی ڕووداوی نەخوازراو جیاوازی لەسەرە ، کە تاوانکارەکان پێشبینی ڕووداوی نامۆ نەکەن . بۆیە مەبەستی خراپە ئەوکاتە سەرزەنشت دەکرێت ، کە چەند شێوەیەک وەربگرێت وەک (١) ئامانج زیانگەیاندنێک بێت کە بەرگەنەگیرێت . (٢) ئامادەباشی بۆئەنجاندانی کردەوەکە لە سیاقی هەوڵدان بۆ ئامانجێکی پەسەند ، یان پابەندی بە پرەنسیپ و بەهایەک .(٣) گوێنەدان بە مەترسی و بەهەند وەرگرتنی (card2002:20 ) . بەم پێیە نیازپاکی بەس نییە بۆ جیاکردنەوەی خراپە ، وچونکە کەسی خراپەکار خاڵی نییە لە نیازی پاک . واتە خراپەکار مەرج نییە بکەری خراپە بێت (بەم شێوەیە نیاز شکست دەهێنێ) ، واتە رەنگە لە ڕێگای کەسێکی ترەوە نیازەکانی بکاتە کردار ، مەرجیش نییە بکەری خراپە ، خراپەکاربێت .

**(٤-٢/٢) بەرپرسیاریەتی (responsibility):**

بە گوێرەی ڕووداوی هەر خراپەیەک تاوانبارو قوربانی جۆراوجۆر هەن ، کە رەنگە هەندێ جار ژمارەیەک کەس و ڕەنگە تاکە کەسێکیش بگرێتەوە ، بۆ نموونە لە تاوانی کۆمەڵکوژیدا تاوانبارو قوربانی یان بکەرو تاوانلێکراو زیاد لە کەسێکن . لەبارەی ئەوەی ئایا مرۆڤ دەتوانێت سزای خۆی بدات و ستەم لە خۆی بکات ، زۆر لە فەیلەسووفە ڕەوشتییەکانی سەردەم دوودڵن لە دانان بەوەی مرۆڤ بتوانێت ناڕەوشتانە مامەڵە لەگەڵ خۆی بکات ، بۆیە ئەو زیانانەشی کە خۆی ڕووبەڕووی خۆی دەکاتەوە ناکرێ بەخراپ دابنرێت ، بۆ وێنە لەکاتی بەکارهێنانی زمان مرۆڤ دەکرێ جنێو بەخۆی بدا ، بەڵام بەخراپە دانانرێت ، کەواتە ئێمە باسی جۆرێک لە بەرپرسیاریەتی دەکەین کە مرۆڤێک بەرانبەر مرۆڤێک یان ژمارەیەک مرۆڤی تر ئەنجامی بدا . گفتوگۆ لەبارەی ئەوە دەکات کە بەرپرسیاریەتی لە پەیوەندی بە خراپە ئەوە دەسەپێنێتە سەر مرۆڤ بەرپرسیاریەتی کردەوەکانی هەڵبگرێت ، کە مەبەست لێی ئەوەیە کاتێک مرۆڤ وەک خراپەکار ، کە بەشێوەیەکی مەبەستدار یان بە ئەنقەست دەبێتە هۆی زیان ، یان ڕاستەخۆ زیان بە کەسانی تر دەگەیەنێت ، بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێک کە خاڵییە لەهەر شەقڵ و مۆرکێکی مرۆڤانە ، بەمەش بەرپرس دەبێت بەرانبەر ئەنجامەکانی کردەوەکەی . واتە دەکرێ ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ خراپەکاران بەرپرسیاریەتیان بکەوێتە ئەستۆ بۆیە بنەمای بەرپرسیاریەتی دەچێتە خانەی ڕەوشتییەوە . بۆ نموونە ڕووداوە سروشتییەکان رەنگە زیانی گەورە لە مرۆڤ بدەن ، لەگەڵ ئەوەش ناکرێ بە خراپە دابنرێن چونکە سیمای ڕەوشتیان هەڵنەگرتووە .

بەگوێرەی بۆچوونی کارد بنەمای بەرپرسیاریەتی کاتێک جێبەجێدەبێت کە ئەم دوو مەرجەی تێدابێت (أ) مرۆڤ بەخواستی خۆی ، واتە بێ هیچ زۆرلێکردنێک کردەوەکە ئەنجامبدات و ویستی ئەوەی هەبێت یان پێشبینی ڕوودانی زیانی گەورە بکات بۆ کەسانی تر (ب) نەبوونی پاساوی ڕەوشتی بۆ ئەنجامدانی کارەکەی . (الشريف ٢٠٢٠: ٣٠٩).

لەم لۆژیکەوە کارد بۆ ئەوە دەچێت کە ئەو کەسەی دوور لە خواستی خۆی واتە لەژێر فشار کاری خراپ ئەنجامدەدا و زیان بە کەسانی تر دەگەیەنێت ناکرێ بە خراپەکار وەسفی بکەین ،واتە ئەنجامدانی ئەو کردەوەیە بە تەواوی بڕیاری ئازادانەی خۆیان نەبووە ، کە ئەمەش دەمانبات بۆ جیاکردنەوەی بەرپرسی ڕاستەقینەی خراپەو جێبەجێکەری خراپە ، واتە جیاوازی لە نێوان ( کەسایەتی خراپەکار – Evil personhood ,Evil people) و (بکەری خراپە - Evildore) ، پێی وایە ئەو کەسەی خراپە ئەنجامدەدات مەرج نییە مرۆڤێکی سادی بێت یان خۆزاییانە خراپەکاربێت ، بۆ ئەوەی کەسێک بەرپرسیاریەتی بکەوێتە ئەستۆ مەرجی ویستی ئەنجامدانی کردەوەکەی پێویستە . بۆیە بەرپرسیاریەتی دەکەوێتە سەرشانی بەرپرسی ڕاستەقینە ، نەک ئەو کەسەی کردەوەکە ئەنجامدەدا ، بەم شێوەیە خراپە دوو بکەری هەیە کە بەرپرسیاریەتی هەڵدەگرن ، نەک تەنیا ئەو بکەرانەی کە زیان بە کەسانی تر دەگەیەنن .

کەواتە سەپاندنی ڕەگەزی ئازادی لە ئەنجامدانی خراپە ، بەرپرسیاریەتی زیاتر دەخاتە ئەستۆی ئەو کەسەی فەرمانی بە خراپە کردووە نەک بکەرەکەی . چونکە بکەری خراپە رەنگە بێئاگایانە کردەوەکە ئەنجامبدا ، بۆیە ئەگەر ئەم جیاکردنەوەیە گرنگ بێت لەکاتی قسەکردن لەبارەی بەرپرسیاریەتی خراپە پێویستە بۆ دیاریکردنی پلەی سەرزەنشتکردن و هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی لەنێوان ئەنجامدەری خراپە و خراپەکار ڕاستەقینەکان ، سەرەرای ئەوەی هەندێ جار رەنگە یەک کەس بن .

دەکرێ تێبینی ئەوە بکەین ئەو بەرپرسیاریەتییەی کە دەکەوێتە ئەستۆی مرۆڤی خراپەکار، لە بنەڕەتەوە بەرپرسیاریەتییەکی ڕەوشتی و یاساییە . هەرچی بکەری خراپەیە لە لایەنی یاساییەوە بەرپرسیاریەتی هەڵدەگرێت ، لەگەڵ ئەوەی ڕەنگە لەڕووی ڕەوشتیەوە بەرپرس نەبێت بۆ نموونە لەوانە لەژێر فشار یان زۆرلێکردن ئەنجامی دابێت . بە گوێرەی بۆچوونی کارد (گرنگە جیاکاری لە نێوان پلە جیاوازەکانی ڕوودانی خراپە بکەین ، بەو واتایەی بەرپرسیاریەتییەکان یەکسان نین ، بەڵکو سروشتێکی تەناسوبیان هەیە ، تا بتوانرێ پلەو مەودای ترسناکی کردەوە خراپەکان و سروشتی زیانەکانیان دیاریبکرێت. کەواتە بۆ ئەوەی کەسێک بەرپرسیاریەتی بکەوێتە

ئەستۆ ، پێویستە ئازادانەو بە ویستی خۆی ئەو کردەوەی ئەنجامدابێت . بەم شێوەیە هەندێ چینی دیاریکراوی وەک ( منداڵ ، نەخۆشییە هۆشەکی و دەروونییەکان ، ... ) لەکاتی زیانگەیاندن بە کەسانی تر ئەگەر زیانەکەش گەورەبێت ، ئەوا کردەوەکەیان بە خراپە دانانرێت . هەروەها ئەو زیانانەی بەهۆی نەزانی و بێئاگایی و شێتی ڕوودەدەن ناچنە خانەی خراپەکارەوە . (الشریف ٢٠٢٠: ٣١٠) لەگەڵ ئەوەش نابێت بەرپرسیارەتی هەڵەی پێشبینی نەکراو بخرێتە ئەستۆی کەسان .

**بەم پێیە پێناسەی زمانی خراپ بە پێی فەلسەفەی ڕەوشتیی دیاردەناسیی کارد**: بریتییە لەو دەربڕین یان نووسین یان ئاماژە و بێدەنگبوونانەی وەک هەڵەیەکی بە ئەنقەسەت و مەبەستدار ئەنجامدەدرێن و دەبنە هۆی زیانگەیاندن بە تاک یان کۆمەڵ (جا ئەم زیانانە مادی بن یان مەعنەوی) ( لە ئێستا بن یان کاریگەرییە خراپەکانیان لەدوور مەودا دەربکەوێت ) ، ئەو کەسەی ئەم هەڵەش ئەنجامدەدات بتوانرێت بەرپرسیارەتی ئەو هەڵەی بخرێتە ئەستۆ .

**ئەنجامەکان** :

١- خراپە پرسێکە پەیوەستە بە بوونی مرۆڤەوە ، تا ئەو کاتەی مرۆڤ لە گەردوون بوونی هەبێت خراپە وەک پرسێکی زیندوو دەمێنێتەوە .

٢- هەر لە کۆنەوە بەگەلێک شێوەو گەلێک تیۆر هەوڵی شرۆڤەی پرسی خراپە دراوە ، بەڵام تا ئەم دواییانە شێوە زانستیەکەی بەردەست نەبووە ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی گومانگەرایی خراپە پێیان وابووە پێویستە دەست لە چەمکی خراپە هەڵگرین ، بەهۆی ئەوەی خراپە لەچەمکە پێوەرییەکانی تری وەک راست و هەڵە مەترسیدارترو زیانبەخشترە .

٣- کارد خراپە بەو زیانە گەورانە پێناسە دەکات کە توانای بەرگەگرتنیان لە توانا بەدەرە و لە ئەنجامی هەڵەی مرۆڤ بەرهەمدێن کە شایەنی سەرزەنشتکردنن و لێخۆشبوونیان بۆ نییە .

٤- کاتێ پێوەرەکانی فەلسەفەی دیاردەناسیی ڕەوشتیی کارد بەسەر زمان جێبەجێدەکەین تەنیا ئەو کاتە دەکرێت بڵێین زمان خراپ بەکارهاتووە کە ئەو مەرجانەی تێدا بێتەدی کە بۆ هەر خراپەیەکی تر کراوەتە پێوەر . واتە ئەو کاتەی زمان هەڵەیەکی زیانبەخشی مەبەستداری بەرپرسیارانە بێت . بۆ وێنە بەکارهێنانی (جنێو ، یان هەڕەشە ، .... ) لە کۆمەڵگا لە بنەڕەتەوە بە بەکارێکی هەڵە دادەنرێت و جۆرێک لە خراپەی ڕەوشتین ، کاتێک مامۆستا لە ڕێگەی زمانەوە جنێو بە قوتابییەک دەدات یان هەرەشەی لێدەکات ، زمان وەک ئامرازێک بۆ ئەنجامدانی خراپە بەرانبەر مرۆڤێکی تر بەکاردێنێت (واتە ئەو خراپەیە لە مرۆڤەوە بەرانبەر مرۆڤێکی تر ئەنجامدەدرێ، ئەمەش دەیخاتە خانەی خراپەی ڕەوشتییەوە)، لەبەر ئەوەی مامۆستا مامەڵەی کەسێکی لەگەڵ دەکرێ کە بەرپرسیارەتی هەڵدەگرێت ، والێکدەدرێتەوە ئەم کردەوەی بە ئەنقەست ئەنجام دابێ ،دواجار بەهۆیەوە قوتابی ڕووبەرووی زیان دەکاتەوە کە ڕەنگە قوتابخانە جێبهێڵێت و بەم شێوە زیان بە داهاتووی بکەوێت ، یان تووشی نەخۆشی و زەبری دەروونی بێت ، یان کاردانەوەو لێکەوتەی بۆ ئەم ڕەفتارەی مامۆستا ببێتە هۆی زیانگەیاندن بە مامۆستاو کەسانی دەوروبەر و بەخۆی .

**سەرچاوەکان :**


1. جەلیلیان ، عەباس (ئاکۆ) (٢٠٠٦) **فەرهەنگی باشوور تایبەت بە ناوچەکانی کرماشان ، ئیلام ، لورستان** ، چاپی چوارەم، بڵاوکراوەی ئەنیستیتۆی کەلەپووری کورد .
2. جەهانبەگلو، رامین (٢٠٠٢) ، **هزری ناتوندوتیژی** ، وەرگێرانی مراد حەکیم ، پێداچوونەوەی موسڵح ئێروانی ، چاپی یەکەم ، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی موکریان / هەولێر.
3. حاجی کەریم ، پیر لوقمان (٢٠١٧) ، **خوردە ئەوێستا ، نوێژو نیایش** ، نووسین و کۆکردنەوەو وەرگێرانی ، پیر لوقمان .
4. حاجی کەریم ، پیر لوقمان (٢٠١٩) **بەهەشتی ئاهورایی** ، کورتەباس .
5. حاجی کەریم ، پیر لوقمان (أ) (٢٠٢٠) **ئەوێستا ، گاثاو ئەشەونێش (گوتەگەلی پیرۆز) ، زەرەثوشترەهی سپیتامەیی (زەردەشتی روناکی بەخش)** ، بەشی یەکەم ، نووسینەوەی پیر لوقمان.
6. حاجی کەریم ، پیر لوقمان (ب) (٢٠٢٠) ئ**ەوێستا ، گاثاو ئەشەونێش (گوتەگەلی پیرۆز) ، زەرەثوشترەهی سپیتامەیی (زەردەشتی روناکی بەخش)** ، بەشی سێیەم ، نووسینەوەی پیر لوقمان.
7. خاڵ ، شێخ محەمەدی (٢٠٠٥) ، **فەرهەنگی خاڵ** ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە / چاپی دووەم /هەولێر .
8. دزەیی ، عەبدولواحید موشیر (٢٠١٤) ، **واتاسازی وشەو ڕستە** ، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە ژمارە (١٩٦).
9. موکریانی ، گیو (١٩٩٩) ، **فەرهەنگی کوردستان** ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس / چاپی یەکەم .
10. زادە، عەبدوڵلا ئیبراهیم (٢٠١٤) **فەرهەنگی ڕامان** (ئیتیمۆلۆژیی زمانی کوردی ) بەرگی یەکەم ، بڵاوکراوەی ئەلیکترۆنی .
11. عەزیز ، حەمید (٢٠١٢) ، **سەرەتایەک لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان** ، چاپی پێنجەم ، چاپخانەی رۆژهەڵات / هەولێر .

12. نەبەز ، جەمال (٢٠٠٨) **کۆبەرهەم ژمارە (٨)** ، وشەنامەیەکی ئیتمۆلۆیایی زمانی کوردی ـ چاپی یەکەمی ئەلیکترۆنی ، ماڵی کوردبوون .

**بە عەرەبی :**

1. القران الكريم
2. أفلوطين (١٩٩٧) **تاسوعات أفلوطين** ، نقله الى العربية عن الأصل اليوناني ، فريد جبر ، مكتبة لبنان ، طبعة الاولى.
3. الخولي ، محمد علي (٢٠٠١) ، **علم الدلالة (علم المعنى)** ، دار الفلاح للنشر و التوزيع ، الطبعة الاولى ، الاردن .
4. الشريف(د) ، حمدى عبدالحميد محمد محمد (٢٠١٨) ، **المشروعية الفلسفية للكذب و الخداع السياسى** ، حولية كلية الاداب ، جامعة بنى سويف ، مج (٧) .
5. الشريف(د) ، حمدى عبدالحميد محمد محمد (٢٠٢٠) **فينومينولوجيا الشر في فلسفة كلوديا كارد السياسية** ، مجلة الآداب و العلوم الانسانية ٨٨ (١) ، جامعة سوهاج .
6. بوزيان ، سعاد (٢٠٢١) ، **خصوصية ركن الضرر فى المسؤولية الإدارية** ، مجلة الاجتهاد القضائى ، المجلد (١٣) العدد (١)
7. عبدالجبار ، نبيل عبدالحميد (٢٠٠٣) ، **الفلسفة لمن يريد** ، مطبعة حاجى هاشم ، اربيل.
8. عبده ، مصطفى(د) (١٩٩٩) **فلسفة الأخلاق ،** مكتبة مدبولى ، القاهرة ،الطبعة الثانية .
9. غابرى ، سامى (٢٠١٦) ، **معضلة العنف عند حنة أردندت** ، مجلة منيرفا ، جامعة أبوبكر بلقايد تلمسان ، الجزائر.
10. فتاح ، جنان عبدالرزاق (٢٠١٦) **الضرر المعنوي في أحكام القضاء الإداري** ، كلية مدينة العلم الجامعة -قسم القانون.
11. هلال ، قصي سلمان (٢٠٠٩) ، **المسؤولية المدنية** ، مجلة كلية التراث الجامعة ، العدد(٥) **.**

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

1. Calder,T (2013) **Is Evil Just Very Wrong? Philosophical Studies**, 163 (1): 177–196.
2. CARD , C (2002) **The Atrocity Paradigm A Theory of Evil**, Published by Oxford University Press**.**
3. Cole, P (2006)**The Myth of Evil**, Edinburgh University Press.
4. Formosa,P (2013) **Evils, Wrongs and Dignity: How to Test a Theory of Evil**, Journal of Value Inquiry, 47 (3): 235–253
5. Kekes , J (2005) **The Roots of Evil** , Cornell University Press.
6. RUSSELL ,L ( 2014) **Evil, A Philosophical Investigation**, Oxford University Press in the UK.

**بەستەری ماڵپەرەکان :**

**1- http://ferheng.info/alfba/17246/**

**2- https://www.almaany.com/ar/dict/ar-ar/**خراب**/**

**3- https://www.almaany.com/ar/dict/ar-ar/**شَرّ**/**

**4- https://www.dictionary.com/browse/abuse**(

**5- https://www.merriam-webster.com/thesaurus/bad**

**6- https://www.etymonline.com/word/bad**

**7- http://kurdish-etymology.blogspot.com/search/?q=**خراپ

**8- https://plato.stanford.edu/archives/sum2020/entries/concept-evil/**

**9- https://plato.stanford.edu/archives/sum2020/entries/concept-evil/**

**10- .https://www.marefa.org**حنة_آرنت/

**11- https://quranindex.info/search/**الكذب

**12- https://www.almrsal.com/post/857175**

# فينومينولوجيا الشر في اللغة

**حاتم وليا محمد**
قسم اللغة الكوردية -كلية التربية/جامعة صلاح الدين

**هلمت سەردار عمر**
وزارة التربية

**ملخص**

الشر بوصفه مشكلة أزلية وقضية خالدة، وجوده وانعدامه مرتبطان بوجود الانسان، وهو أحد القضايا الفلسفية الشائكة الذي نشأت بسـببه نظريـات متعـددة وتأويلات كثيرة. لم تتشكل إطار عولمي ومعاصر للشر حتى الثمانينات من القرن الماضي، بوصفه فعلاً مضراً فاعله هو الأنسان، ومن بينها الشر الذي هو مـن نتاج اللغة والتي تنتج تأثراً سلبياً . وبسد النقص الانطوثيولوجي والأخلاقي لمشكلة الشر إستطاع (كلوديا كارد) أن يُصوغَ نظريـة ظاهراتيـة أخلاقيـة حـول الشر ويعرفه بأنه فعل انساني له تـأثير سـلبي ، بوصـفه خطـأ مضرـاً تـم انجـازه عـن قصـد ، مـن قبـل قـوة تتحمـل مسـؤوليته . في الفكـر الفلسـفي النظـري يعـد (فينومينولوجيا) مذهباً جديداً إلا حد ما ، تأسس في النصف الأول من القرن العشرين على يد هوسرل الـذي أهـتم بالأبحـاث الموضـوعية لظـواهر الذهنيـة لأفعال الانسان التي يمكن الاحساس بها من خلال تأثيراتها.

**الكلمات المفتاحية :** الشر ، كارد ، الضرر ، المسئولية ، القصدية .

## The Phenomenology of Evil in language

**Hatam Wlya Muhammad**
Department of Kurdish language – collage of Education / Salahaddin University-Erbil

**Halmat Sardar Omar**
Ministry of Higher Education and Scientific Research

**Abstract**

The existence and non-existence of evil, as an eternal and timeless problem, are linked to the existence of mankind. Many theories arose from the ancient times until the 20th century to explain evil, as it is complicated philosophical issues. A Secular and contemporary framework of evil was not formed until the eighties of the last century which viewed man as the doer of evil actions and also recognized language related evil actions that have harmful and negative impacts. By settling the defects of the ontological and moral treatments of wickedness, (Claudia Card) was able to formulate a phenomenological and moral theory of evil that defines it as a human act that has negative impacts, and is committed intentionally as a harmful mistake by a drive that bears responsibilities. In philosophical thoughts phenomenology is a relatively new scheme that was established by (Husserl) in the first half of the twentieth century, that focuses on objective research on mental phenomena of human actions that can be sensed through their effects.

**Keywords:** Evil, Card, wrongdoing, Harm, Responsibilit.